گۆڤاری زانكۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەكان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X
Vol.28 Issue 2 2024
ID 1567 (PP 162 - 185)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.2.9

توێژینەوە

# ڕۆڵی ڕادیۆی دەنگی كوردستان لە پاڵپشتیكردنی شۆڕشی گوڵان (1976-1991)
# (توێژینەوەیەكی مێژوویی شیكارییە)

سیروان مەحمود ڕەشید*
محەمەد كەریم سەعید**

* كۆلێژی تەكنیكی سۆران، زانكۆی پۆلیتەكنیكی هەولێر
** بەشی ڕاگەیاندن،كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددین-هەولێر
sirwan.mahmood@epu.edu.iq
mehemedkerim@gmail.com

وەرگرتن 2023/10/24
پەسندكردن 2024/01/30
بڵاوكردنەوە 2024/04/15

وشە سەرەكییەكان:
ڕۆڵ،
ڕادیۆ،
دەنگی كوردستان،
شۆڕشی گوڵان.

## پوختە

ئامانجی سەرەكی توێژینەوەی (ڕۆڵی ڕادیۆی دەنگی كوردستان لە پاڵپشتیكردنی شۆڕشی گوڵان) بریتییە لە دەستنیشانكردنی ئەو ڕۆڵەی، كە ڕادیۆی دەنگی كوردستان لە سەردەمی شۆڕشی گوڵان (1976-1991) لە پاڵپشتیكردنی شۆڕش و هاندانی جەماوەری كوردستان لە بەرگریكردن لە خاك و نیشتمانەكەیان.ڕادیۆ، وەك یەكێك لە هۆیەكانی ڕاگەیاندن، بەشێوەكی گشتی خەڵك لە مەودایەكی فراوانی جیهاندا پێی ئاشنان، هەرچەندە ئێستا هۆیەكانی ڕاگەیاندن زۆر بوونە و میدیا پێی ناوەتە سەردەمێكی تازە، بەڵام لەگەڵ ئەمەش هێشتا ڕادیۆ ڕۆڵ و كاریگەریی خۆی هەر ماوە و بە هەزاران ئێزگەی ڕادیۆیی بە شێوازی جیاجیا لە سەرتاسەری جیهان خزمەتگوزاریی میدیایی پێشكەش دەكەن.جیا لەو كاریگەرییەی ڕادیۆ لە ڕێی بەرنامەكانی هونەری، گۆرانی، میوزیك، چیرۆك و دراما دروستی دەكات، كاریگەریی زۆریشی لە ڕێی بڵاوكردنەوەی هەواڵ و بەدواداچوون، شەڕ و ململانێی چەكداری، ڕاپەرینی گەلان، هەڵوێستی سیاسیی وڵاتان و ڕێكخراو و لایەنە سیاسییەكان هەبووە.لەو سۆنگەیەوە توێژەران، لە ڕێگەی میتۆدی لێكۆڵینەوەی مێژوویی و گوتارشیكاری، كاریان لەسەر ڕۆڵی ڕادیۆی دەنگی كوردستان لە پاڵپشتیكردنی شۆڕشی گوڵان كردووە، بەو مانایەی توێژینەوەكە، پێداچوونەوەیەكی زانستییە بە میدیای شۆڕشگێڕیی، بە مەبەستی دەرخستنی ڕاستی و دروستی ڕووداوە مێژووییەكان و شوێنپێهەڵگرتنی ڕێڕەویان لەو قۆناغەی بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی كوردستاندا و دەرخستنی ڕۆڵی ڕادیۆی دەنگی كوردستان لە ماوەی ساڵانی شۆڕشی گوڵاندا و ئاستی پاڵپشتی ڕادیۆكە لە شۆڕش و بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی كوردستانیش لەو قۆناغە دەخاتەڕوو، لەبەر ئەوەی لە بەرامبەر كۆمەڵێك دەزگای میدیایی خاوەن توانای مرۆیی و ماددی لەبن نەهاتوو، كاری كردووە. زانینی هەوڵەكانی ئەو ڕادیۆیە لە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی خۆی و كێبەركێیی میدیای ڕكابەر، كە ژمارەیەكی زۆری كەناڵی ڕاگەیاندنی حكومەتی ئەو كاتی عێراق دەگرێتەوە، بەشێك لە ناوەڕۆكی ئەو توێژینەوەیە، پێكدەهێنن.

About the Journal
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**1-پێشەکی :**

کۆتایی سەدەی بیستەم، سەرەتای داهێنان بوو لە بواری میدیای بیستراو، ناوبانگی ڕادیۆ بەخێرایی بەنێو گێتیدا بڵاوبووەوە، بۆیە نەتەوە و وڵاتان، بۆ بەدەستهێنانی ڕادیۆ کەوتنە خۆیان، حکومەتی هۆڵەندا لە ساڵی 1919 یەکەمین مۆڵەتی، بە یەکەمین ستاسیۆنی خزمەتگوزاریی ڕادیۆیی خشتەداڕێژراو بەخشی، پاشان ئوستراڵیا 1920 و ئینگلتەرا 1921 و فەرەنسا 1921 دەستیان بە گەیاندنی ئەم خزمەتگوزارییە کرد.

پەخشی ڕادیۆ لە زمانە جیهانییەکانەوە، بۆ زمانی کوردی، مەودایەکی ئەوەندە دووری نییە، تا وای دابنێین میللەتی کورد زۆر درەنگ دەستی بەو بوارەی میدیا گەیشتووە، بەڵکو نێوانیان تەنها چەند ساڵێکە، چونکە مێژووی ڕادیۆ کوردییەکان، کە بە کردنەوەی ڕادیۆی کۆماری ئۆتۆنۆمی کوردستانی سوور، لە کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەتی جاران لە ساڵی 1925 دەستپێدەکات، دوای ئەویش چەندین ڕادیۆی کوردی لە دەرەوە و ناوخۆی کوردستان کراونەتەوە، بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە دەستپێکی کارکردنی ڕادیۆی کوردی بۆ گەیاندنی پەیامی سیاسی و دەنگوباسی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی گەلی کوردستان دژی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، بۆ ساڵی 1963 دەگەڕێتەوە، کاتێك یەکەمین ئێزگەی ڕادیۆی کوردی بە توانای ماددی و مرۆیی ناوخۆیی، بە ناوی ڕادیۆی دەنگی کوردستان- عێراق، دەستی بە پەخش کرد. ئەم ڕادیۆیە، کە بە گەلێک هەوراز و نشێووی سەختدا تێپەڕیووە، پایزی 1977 دوای وەستانی نزیکەی سێ ساڵ، کەرەتێکی تر دەستی بە پەخش کردەوە.

لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی ڕادیۆی دەنگی کوردستان 1977-1991 تەوەری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە پێکدەهێنێت، چونکە ڕادیۆ، دەنگی شۆڕش و خەباتی سیاسی و چەکداریی بزاڤی شۆڕشگێڕیی کوردی لە شاخەوە گەیاندووەتە شار، تەنانەت لە ڕاپەڕینی ئاداری 1991یش، ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە ڕاگەیاندنی دەستپێک و بڵاوکردنەوەی پەیام و زانیاریی لەسەر ڕاپەڕینی تەواوی شار و شارۆچکەکان.

سەرکردایەتی شۆڕشی گوڵان 1976-1991، ڕاگەیاندنی بە ئامرازێکی گرنگی هۆشیاریی سیاسی و بەهێزکردنی گیانی نیشتمانپەروەریی لە نێو شۆڕش و کۆمەڵی کوردستان زانیووە، بۆیە هەر لە دەستپێکی سەرهەڵدانی شۆڕش، کاری بۆ هێنانە کایەی ڕاگەیاندنێکی شۆڕشگێڕیی کردووە، بەو پێیەی کە چەکێکی کاریگەر و هەڵگری پەیامە. لەو ڕوانگەیەشەوە، وێڕای بایەخدان بە ڕۆژنامەوانیی چاپکراو، ڕادیۆی دەنگی کوردستان، وەک دیارترین هۆکاری ڕاگەیاندنی سەردەمەکە دادەمەزرێنێ، کە بە توانا سنووردارەکانی خۆی، ڕۆڵێکی گرنگی لە بەرگریکردن لە پرەنسیپ و ئامانجەکانی شۆڕش بینیووە.

بە مەبەستی گەیشتن بە دەرئەنجامێکی دروست، لەم توێژینەوەیەدا، کار لەسەر ڕۆڵی ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە پاڵپشتیکردنی شۆڕشی گوڵان کراوە، کە خۆی لە چوار بەش دەبینێتەوە، بەشی یەکەمی تەرخانکراوە بۆ (میتۆدنامە، کێشە، گرنگی، پرسیار، ئامانجەکان، کۆمەڵ و سامپڵ و کەرستە)ی توێژینەوەکە و دیاریکردنی چەمك و زاراوەکان. بەشی دووەمیشی بریتییە لە مێژووی سەرهەڵدان و قۆناغەکانی پێشکەوتنی ڕادیۆ لەسەر ئاستی جیهان و کوردستان. بەشی سێیەمیش بۆ ناساندنی ڕادیۆی دەنگی کوردستان و ڕۆڵی لە قۆناغە جیاوازەکاندا دیاریکراوە. بەشی چوارەمیش تەرخانکراوە بۆ ڕۆڵی ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە پاڵپشتیکردنی شۆڕشی گوڵان و دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە.

**2- میتۆدنامەی توێژینەوەکە**

**1.2 ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە**

**1.1.2 کێشەی توێژینەوەکە**

کاتێک شۆڕشی گوڵان لە 26ی ئایاری 1976 هەڵگیرسا، توانای دەوڵەتی عێراق و هێزی ڕاگەیاندن و پڕوپاگەندەی عێراق بەرانبەر شۆڕش و بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد گەیشتبووە ئەو پەڕی ئاستی خۆی، بۆیە شۆڕش درکی بە پێویستی و گرنگی ڕاگەیاندن کردووە.

لەو ڕوانگەیەوە، کێشەی ئەم توێژینەوەیە پەیوەستە بە دەرخستنی هۆکارەکانی سەرهەڵدان و توانای ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە پەرەپێدانی ستراتیژیەتیی شۆڕشی گوڵان و چۆنیەتی بەرپەرچدانەوەی پروپاگەندە و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی عێراق، لەو قۆناغەی شۆڕشدا.

**2.1.2 هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە**

یەکێک لە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکە، وەك پێویست کارنەکردنە لەسەر دەرخستنی ستراتیژیەتی ڕاگەیاندنی قۆناغی شۆڕشی گوڵان بە گشتی و ڕۆڵی ڕادیۆی دەنگی کوردستان وەک یەكێك لە هۆکارەکانی گەیاندن لەو سەردەمە و نیشاندانی توانای ڕادیۆکەیە لە هاندانی خەڵکی کوردستان بۆ پشتیوانیکردنی شۆڕش.

**3،1،2 ئاستەنگەکانی توێژینەوە**

یەکێک لەو ئاستەنگانەی توێژەران ڕووبەڕووی بوونەتەوە، نەبوونی ئەرشیڤی ڕادیۆی دەنگی کوردستانە لە قۆناغی شۆڕشی گوڵان، ئەوەی لە بەردەست بووە، تەنها چەند گەشتێکی هەواڵ و گوتار و برگەیەکی کەمی بەرنامەکانی ڕادیۆکە بووە، بۆیە توێژەران بە پلەی یەکەم پشتیان بە زانیاریی کارمەندانی ئەو سەردەمەی ڕادیۆکە بەستووە.

**4.1.2 گرنگی توێژینەوەکە**

ڕاگەیاندن بە هەموو ئامرازەکانییەوە، بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکی و کاریگەرەکانی هەر شۆڕش و ڕاپەڕین و بزاڤێکی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیی لێکدەدرێتەوە، زۆرترین کاریگەریشی لەسەر بیروڕای گشتی هەیە.زۆر گرنگە ڕاگەیاندن، هاوشان لەگەڵ خەباتی سیاسی و پێشمەرگایەتی، نەخشەڕێگەی خەبات و ئامانجەکانی شۆڕش بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ڕوونبکاتەوە، پشتیوانی لە هەنگاوەکانی شۆڕش و جووڵانەوەکەی بکات.

لەبەر گرنگی ڕۆڵ و کاریگەریی میدیا، سەرکردایەتی شۆڕشەکانی کوردستان بە گشتی و شۆڕشی گوڵان بە تایبەتی، بایەخێکی زۆریان بە میدیای نووسراو و بیستراو داوە، لەسەر ئەو بنەمایە، پێیانوابووە ڕێگای ئازادی و سەرکەوتن تەنها پەیوەست نییە بە خەباتی سیاسی و چەکداریی، بەڵکو پێویستی بە خەباتی میدیایی و هۆشیارییش هەیە.بە تایبەت لە کاتێکدا، شۆڕشەکە بەرانبەر هێزێك هەڵگیرساوە، توانایەکی گەورەی مرۆیی و ماددی لە شەڕی ڕاگەیاندن و پروپاگەندە و شەڕی دەروونی بەردەست بووە، لەسەر ئەم بنەمایە سەرکردایەتی شۆڕش کاری بۆ دروستکردنی میدیای شۆڕش، لە نێویشیدا، ڕادیۆیەکی بەهێز کردووە.هەر بۆیەشە، لێکۆڵینەوە لە توانای میدیای شۆڕش و ڕۆڵی ڕادیۆی دەنگی کوردستان لەو قۆغە گرنگ و هەستیارەی شۆڕشی کوردستان و تۆمارکردنی ئەو مێژووە، بایەخی خۆی هەیە.

**5.1.2 پرسیارەکانی توێژینەوەکە**

1. ڕادیۆی دەنگی کوردستان، چ ڕۆڵێکی لە هاندان و کۆکردنەوەی جەماوەر، بە دەوری ئامانجەکانی شۆڕشی گوڵان بینیووە و چ کاریگەرییەکی لە چەسپاندنی بەهاکانی شۆڕش و بەرزکردنەوەی کێرڤی نیشتمانپەروەریی لای جەماوەری کوردستان هەبووە؟
2. ڕادیۆی دەنگی کوردستان بووەتە هۆکاری بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی نەتەوەیی و ڕۆشنبیریی شۆڕشگێڕیی لە نێو جەماوەری کوردستان و بەرزکردنەوەی ورە و گیانفیدایی لای پێشمەرگە؟
3. ڕادیۆی دەنگی دەنگی کوردستان، تا چەند بەرپەرچی پروپاگەندە و شەڕی دەروونی و میدیایی لایەنی نەیاری داوەتەوە؟
4. ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە ڕێی بەرنامەکانی بە زمانەکانی (عەرەبی، ئینگلیزی، سریانی و تورکمانی..) ڕۆڵی هەبووە لە گواستنەوەی پەیامی شۆڕشی گوڵان و ناساندنی کێشەی کورد بە دونیای دەرەوە و بەدەستهێنانی هاوسۆزیی نەتەوەکانی دیکە بۆ شۆڕش؟

**6.1.2 ئامانجەکانی توێژینەوەکە**

1. دەرخستنی ڕۆڵی ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە هاندان و کۆکردنەوەی جەماوەر بە دەوری ئامانجەکانی شۆڕشی گوڵان و ڕادەی کاریگەریەکەی لە چەسپاندنی بەهاکانی شۆڕشی گوڵان و بەرزکردنەوەی کێرڤی نیشتمانپەروەریی لای جەماوەری کوردستان.

2. دەستنیشانکردنی ڕۆڵی ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی نەتەوەیی و ڕۆشنبیریی شۆڕشگێریی لە نێو جەماوەری کوردستان و بەرزکردنەوەی ورە و گیانفیدایی لای پێشمەرگە.
3. دیاریکردنی ئاست و توانای ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە بەرپەرچدانەوەی پرۆپاگەندە و شەڕی دەروونی و میدیایی لایەنی نەیار.
4. دەستنیشانکردنی ڕۆڵی ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە ڕێی بەرنامەکانی، بە زمانەکانی (عەرەبی، سریانی و تورکمانی..) لە گواستنەوەی دەنگی شۆڕشی گوڵان و ناساندنی کێشەی کورد بە دونیای دەرەوە و بەدەستهێنانی هاوسۆزیی نەتەوەکانی دیکە بۆ شۆڕش.

### 7.1.2 جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە، لە جۆری مێژوویی - شیکارییە، لە ڕێگەی میتۆدەکانی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و گوتارشیکاری، کار لەسەر بابەتی توێژینەوەکە کراوە. توێژەران، لە بەر ڕۆشنایی مێژوودا، شرۆڤە و لێکدانەوە بۆ ڕۆڵی ئەو ئامرازەی ڕاگەیاندنی شۆڕش، کە خۆی لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان دەبینێتەوە، دەکەن.

بە شێوەیەکی گشتی، پێداچوونەوەیەکی زانستییە بە میدیای شۆڕشگێڕیی، بە مەبەستی دەرخستنی ڕاستی و دروستی ڕووداوە مێژووییەکان و شوێنپێهەڵگرتنی ڕێڕەویان لەو قۆناغەی بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستاندا و دەرخستنی ڕۆڵی ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە ماوەی ساڵانی ئەو شۆڕشە نیشتمانییەدا.

### 8.1.2 کۆمەڵی توێژینەوەکە

خۆی لە مێژووی "ڕادیۆی دەنگی کوردستان" لە ساڵانی شۆڕشی گوڵان (1976-1991) دەبینێتەوە.

### 9.1.2 سامپڵی توێژینەوەکە

سامپڵی توێژینەوەکە تایبەتە بە هەواڵ و نێوەڕۆکی بەرنامەکانی ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە ساڵانی شۆڕشی گوڵان (1976-1991).

### 10.1.2 کەرستەی توێژینەوەکە

یەکەم: سەرچاوەی مێژوویی و تۆماری بەرنامەکانی ڕادیۆ

بۆ ئەوەی توێژینەوەکە ڕێچکەیەکی ڕاست و دروست وەربگرێت، کار لەسەر وەرگرتن و شیکردنەوەی کۆمەڵێک سەرچاوە و بەڵگەی مێژوویی و تۆماری دەنگیی کۆمەڵێک برگە و گوتاری سیاسیی ڕادیۆکە کراوە.

دووەم: چاوپێکەوتن

یەکێک لە ئامرازە سەرەکییەکانی زانیاریی بەدەستهاتوو لەم توێژینەوەیەدا، وەرگرتنی ڕا و سەرنج و زانیاریی بەشێک لە کاراکتەرە دیارەکانی بەڕێوەبردنی ڕادیۆکەیە لە ساڵانی شۆڕشی گوڵان، کە لە ڕێی گێڕانەوە لە هۆکاری دامەزراندن، توانا و شێوازی کارکردن، سەرچاوەی زانیاری و قۆناغەکانی ئیشکردنی ڕادیۆکە دواون. لەو چوارچێوەیەدا، شەش دیمانە ئەنجامدراون، پرسیارەکانیشیان بە نامەی نووسراو بۆ نێردراون، بەهەمان شێوەش وەڵامەکان وەرگیراونەتەوە. بۆ هەڵبژاردنی قسەکەرانیشی، زیاتر پشت بە هۆکاری ئاسانی دەستگەیشتنی توێژەران پێیان و جۆری کاریان لەو دەزگایە دەگەڕێتەوە، کە لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراو، بەڕێوەبەر، یانیش نووسەر و بێژەری ڕادیۆیەکە بووینە.

## 2.2 توێژینەوەکانی پێشوو

توێژەران، بە مەبەستی دۆزینەوەی ئەو توێژینەوانەی، کە پێشتر لە بارەی ڕۆڵ و بایەخی ئێزگەی ڕادیۆ لە شۆڕشەکانی کوردستان، بە تایبەتی و وڵاتانی دیکە بە گشتی ئەنجامدراون، گەڕان و بەدواداچوونێکی وردیان هەبووە، بەڵام جگە لە بارەی شۆڕشی جەزائیر (1954-1962) هیچ توێژینەوەیەکی زانستیی بە زمانی کوردی و زمانەکانی دیکەیان دەست نەکەوتووە. لەو ڕوانگەیەوە، توێژەران دوو توێژینەوەی هاوشێوەی ئەو بابەتەیان وەرگرتووە.

یەکەم: توێژینەوەی (فایزە بکار) بە ناونیشانی (ڕۆڵی ئێزگەی جەزائیری ئازاد لە بەرەنگارییەکانی شۆڕشی ڕزگاریخوازیی جەزائیر "2019")[1].

ئەم توێژینەوەیە جەخت لە ڕۆڵی ڕادیۆی جەزائیری ئازاد لە ساڵانی شۆڕشی ڕزگاریخوازیی جەزائیر (1954-1962) دەکاتەوە. توێژەر لە ڕێی میتۆدی مێژوویی لە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی شۆڕشی جەزائیر و ڕۆڵی ئەو ڕادیۆیە لە بڵاوکردنەی زانیارییەکانی پەیوەست بە ڕووداوەکانی ساڵانی شۆڕش دەکۆڵێتەوە. هەروەها ڕۆڵ و بەشداری ڕادیۆکە لە پەرەپێدانی گوتاری شۆڕشگێری و هاندانیی جەزائیرییەکان لە ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسەتی داگیرکارانەی فەرەنسییەکان دەخاتەڕوو. توێژەر پێیوایە ڕاگەیاندنی جەزائیر مۆدیلێکی نوێی میدیایی شۆڕشگێڕیی، لە ساڵانی شۆڕشی ڕزگاریخوازیی جەزائیر داهێناوە.

گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

1. دیاریکردنی بایەخی ڕادیۆی جەزائیری ئازاد لە سەردەمی شۆڕشدا.
2. دەستنیشانکردنی ئەو قۆناغانەی، کە ڕادیۆی جەزائیری ئازاد پێیدا تێپەڕیووە.
3. دەستنیشانکردنی ئاستی بەشداریی ڕادیۆی جەزائیری ئازاد لە کۆکردنەوەی جەماوەر بە دەوری شۆڕش و هاندانی خەڵک لەسەر گیانی بەرگری و بە نێودەوڵەتیکردنی پرسی جەزائیر.

ئەمانەی خوارەوە، چەند دەرئەنجامێکن، کە توێژەر پێیگەیشتووە:

4. ڕادیۆی جەزائیری ئازاد، هەر زوو متمانەی جەماوەری جەزائیری بەدەستهێنا و توانی ببێتە بڵندگۆی دەنگ و هەڵوێستی نیشتمانی و دروستکەری ڕای گشتی لە سەر ئاستی وڵاتەکە.
5. ڕادیۆکە لە ڕێی بەرنامەکانی، بەرپەرچی هەوڵەکانی میدیای بەرانبەری داوەتەوە و ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە ڕەتکردنەوەی پڕوپاگەندە و شەڕی دەروونی دژ بە شۆڕشی جەزائیر.
6. لە ڕێی ڕادیۆی جەزائیری ئازاد، دەنگی شۆڕشی جەزائیر لە سەرتاسەری جیهاندا دەبیسترا و پشتیوانی و هاوسۆزییەکی زۆری بۆ شۆڕشەکە دەستەبەر کردووە.

دووەم: توێژینەوەی (الصادق دهاش) بە ناونیشانی (ڕۆڵی ڕاگەیاندنی شۆڕشگێڕیی لە شۆڕشی جەزائیر "ئێزگەی دەنگی جەزائیری ئازاد" 2022)[2].

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفی مێژووییە، توێژەر لێکۆڵینەوە لە ڕۆڵی ڕاگەیاندنی شۆڕشگێریی لە شۆڕشی جەزائیر دەکا و ئێزگەی دەنگی جەزائیری ئازادی وەک نموونە وەرگرتووە. کە تیایدا لە ڕەهەندی مێژوویی بایەخ و بەشداری بەرنامەکانی ڕادیۆکە لە ساڵانی شۆڕش و دروستکردنی ڕۆڵ و کاریگەریی ئەرێنی لەسەر بیسەران و جەماوەری وڵاتی جەزائیر دەکۆڵێتەوە. توێژەر پێیوایە شۆڕش و هێزی سەربازییەکەی، چەند تۆکمە و کاریگەر و بەهێزیش بێت، ئەگەر میدیا و ئامرازی ڕاگەیاندنی جیاوازی لە پشت نەبێت، وەک پێویست ناتوانێت ئامانج بپێکێت.

گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیین لە:

7. ناساندنی هەلومەرجی قۆناغی دامەزراندن و گەشەسەندنی ڕادیۆی جەزائیری ئازاد و خستنەڕووی ئەو دەستکەوتانەی ئەم ڕادیۆیە لە سەردەمی شۆڕش، سەرەڕای بەهێزی ڕاگەیاندنی فەرەنسی، بەدەستی هێناوە.
8. نیشاندانی وێنەی بەهێز و تۆکمە و خاوەن ورە و باوەڕی پۆڵاینی جەنگاوەران لە ڕێگەی بەرنامەکانی ڕادیۆی جەزائیر.
9. دەرخستنی ڕۆڵی ڕادیۆی جەزائیری ئازاد لە شکاندنی شکۆ و قۆرخکاریی ڕاگەیاندنی فەرەنسی لە ساڵانی شۆڕشی ڕزگاریخوازیی جەزائیردا.

توێژەر لە توێژینەوەکەیدا، گەیشتووەتە چەند دەرئەنجامێک، لەوانە:

10. ڕادیۆی جەزائیری ئازاد، ڕۆڵێکی مێژوویی بینیووە لە یەکخستنی ڕیزەکانی جەماوەری جەزائیر و کۆکردنەوەیان لە دەوری شۆڕشەکەیان.
11. ڕادیۆکە ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەریی لە هۆشیارکردنەوە و بەهێزکردنی هەستی نیشتمانپەروەری و گیانی شۆڕشگێڕیی گەلی جەزائیر لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتەکە بینیووە.
12. ڕادیۆی جەزائیری ئازاد، سەرەڕای ناهاوتایی لە ڕووی توانای تەکنیکی و مرۆیی و ماددیی ڕاگەیاندنی هەردوو لا، کەچی سەرکەوتوو بووە لە شەڕی میدیایی لە ساڵانی شۆڕشی جەزائیردا.

تاوتووێی توێژینەوەکانی پێشوو:

لەو دوو توێژینەوەیەدا، توێژەران وێڕای جەختكردنەوە لە چەمک و تایبەتمەندی میدیای شۆڕشگێڕی و سەرهەڵدانی ئامرازەكانی ڕاگەیاند لە قۆناغی شۆڕش و ڕۆڵ و كاریگەرییان هاوشان لەگەڵ خەباتی سیاسی و شۆڕشگێڕیدا، لە سروشتی كاركردنی ڕادیۆ و ئەو سەختیانەی هاتوونەتە ڕێگەی ڕۆژنامەنووس و تەكنیكاران و ئەو چالاكیانەی ڕۆژانە بڵاوبوونەتەوە، كۆڵیووەتەوە.

لە هەردوو توێژینەوەكەدا، میتۆدی لێكۆڵینەوەی مێژوویی پەیڕەو كراوە، ئەمەش هەمان ئەو میتۆدەیە، كە لە توێژینەوەی بەردەست ڕەچاوكراوە. لە هەردوو توێژینەوەی پێشوو، ڕۆڵی ڕادیۆی جەزائیری ئازاد لە ساڵانی شۆڕشی جەزائیر وەرگیراوە، لەو توێژینەوەیەشدا، ڕۆڵی ڕادیۆی دەنگی كوردستان، وەک تاكە ڕادیۆی شۆڕشی ئەیلوول و یەكێک لە ڕادیۆ كاریگەرەكانی شۆڕشی گوڵان، وەرگیراوە. بابەتی ئەو سێ توێژینەوەیە، یەک بابەتە، لە زەمەنێكی لەیەكەوە نزیک، بەڵام لە دوو جوگرافیای جیاواز. لەو سۆنگەیەوە، توێژەرانی ئەو توێژینەوەیەی بەردەست، سوودیان لە هەردوو توێژینەوەی پێشوو، بە تایبەت لە ڕووی چوارچێوە و میتۆدنامەی توێژینەوەكە وەرگرتووە.

### 3.2 دیاریكردنی چەمک و زاراوەكان

یەكەم: ڕۆڵ

بەو مانایەی ڕۆڵ، چەمكێكی كۆمەڵایەتیی دەروونییە و هەموو كەس، یان بزاڤێک لە چوارچێوەی ژیان، یان ڕێچكەی خۆیدا، ڕۆڵی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە ڕۆڵ، شوناسی كار و كەسایەتی دیار دەكات. یان كۆمەڵێک ماف و ئەركە، لە چوارچێوەی بزاوتی كۆمەڵایەتیی مرۆڤدا خۆی دەبینێتەوە و لە پرۆسەی كار و كردەوە و بووندا، ڕەنگ دەداتەوە و دەبیندرێت.

ڕوونتر بڵێین، ڕۆڵ، وەک چەمک و پراكتیزەكردن و كارپێكردنی، شێوازێكی سنووورداری نییە، بەڵكو توانای ئەوەی هەیە بەشێوەیەكی كاریگەر لە چەمكەوە بگۆڕێت بۆ واقیع و مانای بە جێگەیاندنی كار، یان ئەركێک تەواو بكات (المنجد الأبجدي، 1987، ص451). هەروەها چەمكێكی كۆمەڵایەتی و دەروونییە و شوێنپێی كۆمەڵایەتیی تاكەكان، پشت بە ڕۆڵی كۆمەڵایەتییان دەبەستێ و هەموو تاكێكیش بە ئاستی جیاواز، ڕۆڵی تایبەت بە خۆی هەیە (إسماعیل، 2011، ص195).

دووەم: ڕادیۆ

ڕادیۆ هۆكارێكی ڕاگەیاندنی بیستراوە، یەكێكە لە گرنگترین ڕێگەكانی دەنگی بیستراو. وەک چەمكیش لە زاراوەی ڕادیۆس (Radius)ی لاتینی وەرگیراوە، كە بە مانای نیوە تیرە دێت. بۆیە واناونراوە، چونكە شەپۆلە دەنگییەكان بە شێوەی بازنەیی دەنێردرێن (راضي، 2013، ص103). هەروەها بە ئامانجی پێدانی زانیاری دیاریكراو بە گوێگر، ئەو پەیوەندییە دەنگییە، بە ڕێگەی شەپۆلەكانی ڕادیۆ دەنێردرێت، لە یەک كاتیشدا، لە ڕێگەی ناردنی دەنگ لە هەوادا، زانیاری دەداتە زۆرترین كەس لە شوێنی جیا جیا، كە بەهۆی ئامێرێكی دیكەوە وەرگران گوێبیستی دەبن (إمام، 1985، ص256).

سێیەم: دەنگی كوردستان

ڕادیۆی دەنگی كوردستان، یەكەم ڕادیۆی كوردییە، لەسەر خاكی كوردستان دوای (ڕادیۆی كۆماری كوردستان لە مەهاباد)[3]، كە لە 28 ئەیلوولی 1963 لە ئەشكەوتی گردەڕەشەی دەڤەری ماوەت سەر بە پارێزگای سلێمانی دەستی بە پەخشی بەرنامەكانی كردووە (سەپان، 11ی تەمموزی 2017). جیا لە بڵاوكردنەوەی هەواڵ و چالاكی پێشمەرگە و شۆڕش، بایەخی بە گوتاری سیاسی و بەرنامەی ڕۆشنبیریی گشتیی داوە.

ڕادیۆكە بە چەندین قۆناغی جیاواز تێپەڕیووە، یەكێک لە قۆناغە گرنگەكانی كاركردنی، ساڵانی شۆڕشی گوڵان (1976-1991) بووە، خودی ڕادیۆكەش لەو قۆناغەدا، لە پایزی 1977 دەستی بە پەخش كردووە. ڕادیۆی دەنگی كوردستان، وێڕای زمانی كوردی، بڕگە و بەرنامەی بە زمانەكانی (عەرەبی، ئینگلیزی، سریانی، توركمانی و فەرەنسی)یش پێشكەش كردوون (ردێنی، 2005، ل40). بە درێژایی ساڵانی شۆڕش، بنكەی سەرەكی ڕادیۆ، لە چەندین ناوچەی جیاواز بووە و چەند جارێكیش بۆ ماوەیەک بە هۆكاری جیاواز، پەخشی وەستاوە.

چوارەم: شۆڕشی گوڵان

شۆڕشی گوڵان لە 26ی ئایاری 1976 بە سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان دژی حکومەتی عێراق لە باشووری کوردستان هەڵگیرسا، یەکەم چالاکی پێشمەرگەش لە هەمان ڕۆژ، لە ناوچەی حاجی ئۆمەران ئەنجام دراوە. شۆڕش ڕۆژ بە ڕۆژ گەشەی کرد و بەرفراوان و گشتگیر بوو، بووە جێی هیوای گەلی کورد و بڕوا و متمانەی جەماوەری کوردستانیش زیاتر بوو (بارزانی، 2021، ل13).

ئەم شۆڕشە دوای ئەوە هات، کە لە 6ی ئاداری 1975 ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە نێوان هەردوو دەوڵەتی پاشایەتی ئێران و حکومەتی بەعسی عێراق، کۆتایی بە (شۆڕشی ئەیلوول)[4] هێنا (محەمەدەمین و محەمەد، 2021، ل114).

شۆڕشی گوڵان توانی خاکێکی بەرفراوان لە ناوچەکانی باشووری کوردستان، هاوسنوور لەگەڵ وڵاتانی (ئێران و تورکیا) بخاتە ژێر فەرمانڕەوایەتی خۆی، بەشێوەیەك دەستەڵاتی حکومەتی ئەوکاتی عێراقی بەسەرەوە نامێنێت. بۆ ڕێکخستنی ئەو دۆخەش، پێویستی بە دامەزراوەی کارگێڕی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی بوو، ڕادیۆش یەکێک بوو لەو دامەزراوانە، کە بۆ گەیاندن و هۆشیاریی نەتەوەیی سوودی لێ وەردەگیرا.

## 3. مێژووی سەرهەڵدانی ڕادیۆ لە جیهان و کوردستان

### 1.3 سەرەتایەک لە بارەی مێژووی ڕادیۆ و تایبەتمەندیەکانی:

سەرەتای دامەزراندنی ڕادیۆ لەبەر ئەو داهێنانانەی، کە لەو بوارەدا کراون، ڕێگری دەکات لە دیاریکردنی ڕێککەوتێك بۆ سەرهەڵدانی، بەڵام هەوڵەکانی داهێنەری ئیتاڵی (گولییلمۆ مارکۆنی)[5] لەو بوارەدا و بە تایبەت دوای ناردنی پیتی **S** لە ساڵی 1898 لە ئینگلتەرا بۆ نیوفالاند و گەیشتن بە ئەنجامی بیرۆکەکەی لە گواستنەوەی پەخشی ڕادیۆیی لە تاقیگەوە بۆ دەرەوەی ژینگەیەکی سنووردار، داهێنانەکەی جێی خۆی دەگرێت (جرجس، 2020، ص11)، دەبێتە هۆکارێکیش بۆ ئەوەی لە نێوان 1920-1945 ئەو ئامرازەی گەیاندن گەشەیەکی زۆر بەخۆوە ببینێ و وەک خاوەن جەماوەرێکی فراوان لە سەر ئاستی جیهان لە پلەی یەکەمی ئامێرە بەردەستەکان بمێنێتەوە (Kuyucu, 2019, p53-58).

لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم 1914-1918، پرۆژەکانی دامەزراندنی وێستگەی ڕادیۆیی هەموو جیهانی تەنی، یەکەمین ستاسیۆنی خزمەتگوزاریی ڕادیۆیی خشتە داڕێژراو لە لایەن حکومەتەوە مۆڵەتپێدراو، لە شاری ڕۆتردامی هوڵەندا لە 6ی تشرینی دووەمی ساڵی 1919 پەخشەکەی دەستپێکرد (Kuyucu, 2019, p53-58). لە ئوستراڵیاش یەکەم وێستگەی ڕادیۆ لە ساڵی 1920 و لە ئینگلتەراش لە ملبۆرن Melbourne لە ساڵی 1921 و لە فەرەنساش یەکەم پەخشی ڕادیۆیی لەسەر تاوەری ئیڤڵ، بە هەماهەنگی لەگەڵ پەخشی یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی 1922 دەستیان بە پەخشکرد، کە دواتر ئەو پرۆسەیە چەند وڵاتێکی دیکەشی گرتەوە (مروة، 2011، ص7).

هۆکاری گەشەی ڕادیۆ بەو خێرایە و جێگرتنی لەنێو جەماوەردا بۆ ئەو تایبەتمەندیانە دەگەڕێتەوە:

1. کەناڵێکی هەمەلایەن و گشتییە و ئاراستەی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ دەکرێت.
2. بە دەنگ و بە وشە، بەشداریی لە پەیوەندیکردندا دەکات.
3. دەتواندرێت پەیام، یان نامە تیایدا دووبارە بکرێتەوە.
4. ئامێرێکی هەرزانە.
5. ماندوبوونی کەمە و لە بەڕێوەبردندا، بوودجەی کەمی پێویستە.
6. دەتوانێ زانیاری زۆر بدات.
7. لە پێشوازی پەیامی ڕادیۆدا، تەنها هەستەوەری بیستن بەشداری دەکات.
8. خێرایە لە پەخش و گەیاندندا.
9. لە زۆربەی کاتەکان و لە هەموو شوێنێک، دەتواندرێت، گوێ لە ڕادیۆ بگیرێت، وەک ئۆتۆمبێل، شەمەندەفەر، فرۆکە... هتد. (جەلال، 2018، ل92).

هەرچی پەیوەندی بە خزمەتگوزاریی ڕادیۆییشەوە هەیە، لە قۆناغێک بۆ قۆناغێکی تر گۆڕانکاریی بەخۆیەوە بینیووە. لە ڕووی پەیامیشەوە، دابەش دەبێت بەسەر چەند جۆرێك، لەوانە ڕادیۆی تایبەت بە وڵات، یان حزب و لایەنێك، یانیش بوارێکی سیاسی و ئایینی، یان بازرگانی (الصباغ، 2000، ص574).

### 2.3 مێژووی سەرهەڵدانی ڕادیۆ کوردییەکان

دەستپێکی زنجیرەی ئەو ڕادیۆیانەی پەخشیی کوردییان هەبووە، یان ڕادیۆی کوردی بوون، بە کردنەوەی بەشی کوردی ڕادیۆی کۆماری ئۆتۆنۆمی کوردستانی سوور، لە کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەتی جاران لە ساڵی 1925 دەستپێدەکات، کە لە دوایدا لە لاین جۆزێف ستالین (1878-1953) داخرا. دوای ئەویش ساڵی 1930 پەخشی کوردی ڕادیۆی یەریڤان لە ئەرمەنستانی سۆڤیەتی جاران کراوەتەوە، دیارە پەخشی ئەو ڕادیۆیە، خۆی لە دوو خول دەبینێتەوە، خولی یەکەم (1930-1937)، خولی دووەم (1955-1958). لە 1939/11/19یش بەشی کوردی ڕادیۆی بەغدا دامەزراوە، کە تاکو ساڵی 2003 بەردەوام بووە، بەمەش پەخشی کوردی ئەم ڕادیۆیە، بە تەمەنترین پەخشە لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی بیستراوی کوردیدا (سورمێ، 2020، ل25).

یەکێک لەم ئێزگانەی لەو سەروبەندەدا، لە وڵاتانی عەرەبی کەوتە کار، ئێزگەی بەیروتە. ئەو ئێزگەیە لە 5ی ئاداری 1941 بەدواوە، هەفتەی دوو جار، لە ڕۆژانی چوارشەممە و هەینی، هەرجارێ دوو کاتژمێر، بەرنامەی بە زمانی کوردی پێشکەشکردووە. دوای ئەویش لە ئابی 1942 بەشی کوردی ڕادیۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە فەلەستین، بە ناوی ڕادیۆی کوردستان لە یافا کرایەوە (میخایلۆڤ و سەپان، 2020، ل52-53). یەکەم ئێزگەش لەسەر خاکی کوردستان لە 10ی نیسانی 1946 لە مەهاباد دەستی بە پەخش کردووە، کە بە یارمەتی سۆڤیەتییەکان دامەزرا و لەو کاتەش کرایەوە، کە لەشکری سۆڤیەتی تازە لە 9ی مایسی 1946 ئێرانیان جێهێشتبوو" (سەپان، 2019، ل37).

لەگەڵ ئەوەی مێژووی دەستپێکی پەخشی ڕادیۆی کوردی مەودایەکی دووری لەگەڵ مێژووی دەستپێکی ڕادیۆ لە جیهاندا نییە، بەڵام ئەمە نەبووەتە هۆی ئەوەی پەخش و نێوەڕۆکیی ڕادیۆی کوردی لە ئاستی پەخش و نێوەڕۆکی ڕادیۆ بێت لە جیهان، یان لێیەوە نزیک بێت، ئەگەرچی هەمان تەکنەلۆژیاشی بەکارهێناوە، چونکە ژمارەی زۆری ئەو ڕادیۆیانەی، کە لەنێوان ساڵانی 1920-1963 کراونەتەوە، پرۆگرامەکانیان بە ئاراستەی بەرژەوەندی لایەنە پارەدارەکانیان پەخش دەکران، کە پێکدەهاتن لە لایەنی دووەم، یان سێیەم، وەکو هێزی داگیرکەرانی کوردستان، یان ئەو هێزانەی دژبەری داگیرکەرانی کوردستان بوون، بەڵام لە ڕووی زمانەوانییەوە، بە جۆرێك لە جۆرەکان خزمەتیان بە کولتووری کوردی کردووە. کاتێکیش ڕادیۆی دەنگی کوردستان- عێراق لە 1963 دەست بە پەخش دەکات (محەمەد، 2014، ل117)، ئەو خزمەتگوزارییەی گەیاندن بۆ کورد لە بواری کولتووریەوە، هەنگاو بۆ ئازادی سیاسیش دەهاوێژێت. هەروەك نووسەرێك دەڵێت:"ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە زنجیربەندی ڕادیۆیەکان، وەک یەکەمین ڕادیۆی نهێنیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت، دووەمین ڕادیۆی ئازادیشە، دوای ڕادیۆی کۆماری کوردستان لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی بیستراویی کوردیدا" (سورمێ، 2020، ل30).

ساڵانی دواتریش چەندین ڕادیۆی کوردی دامەزراون، کە زۆربەیان لە لایەن حزب و لایەنە سیاسییەکان کراونەتەوە، لەوانە: ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان لە 21ی ئاداری 1979 لە لایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستان. ئێزگەی دەنگی کوردستانی ئێران لە 17ی حوزەیرانی 1980 لە لایەن حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. ڕادیۆی دەنگی شۆڕشی کوردستانی عێراق لە هاوینی 1981 لە لایەن حزبی سۆشیالستی کوردستانی عێراق. ئێزگەی دەنگی گەلی عێراق لە ئاداری 1982 لە لایەن حزبی شیوعی عێراق. ڕادیۆی کوردی لە سنە ساڵی 1982. ئێزگەی کوردستانی شۆڕش لە 28ی ئایاری 1988 لە لایەن پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان. ئێزگەی بەرەی کوردستانی لە 12ی کانونی یەکەمی 1988 (ردێنی، 2005، ل50-57).

دوای ڕاپەڕینی ئاداری 1991ی باشووری کوردستان، زۆربەی ڕێکخراو و حزبە کوردستانییەکان، بوونە خاوەنی ڕادیۆی سەرتاسەری و چەندین ڕادیۆی لۆکاڵی لە شار و شارۆچکەکان دامەزران. بە پێی ئامارێکی فەرمی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان کە بۆ ساڵی 2021 دەگەڕێتەوە، 162 ئێزگەی ڕادیۆیی مۆڵەتی کارکردنییان لە هەرێمی کوردستان- عێراق پێدراوە، کە 87

ڕادیۆ لە پارێزگای هەولێر و 55 ڕادیۆ لە پارێزگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە و 20 ڕادیۆش لە پارێزگای دهۆک بوونە (فاتیح، 20ی نیسانی 2022، ل 10).

### 4. ڕۆڵی ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە شۆڕشی گوڵان 1976-1991

#### 1.4 مێژووی ڕادیۆی دەنگی کوردستان

بە دامەزراندنی یەکەم ڕادیۆی شۆڕشی کورد (دەنگی کوردستانی عێراق) دەریچەی ئاسۆیەکی تازە لە بەردەم کورد کرایەوە، لەوێوە بۆ یەکەمین جار پەیامی مەزڵومیەتی کورد بە ئاشکرا ڕاگەیەندرا، لە کتێبەکەی (جاف، 2002، ل15) هاتووە "دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول و پەرەسەندنی شەڕ و پێکدادانی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق، سەرکردایەتی شۆڕش بە پێویستیزانی ڕادیۆی شۆڕش دابمەزرێنێ، دوای هەوڵێکی زۆر ئێزگەیەکی ماماوەند گەیەندرایە ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستان، لە 20ی ئابی 1963 لە ئەشکەوتی (گردەڕەش) لە ناوچەی ماوەت ڕادیۆکە کرایەوە. سەرەتا پەخشی ڕادیۆ، یەک کاتژمێر بوو، بەڵام دواتر بوو بە کاتژمێر و نیوێک، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی".

(عوسمان، 2013، ل68) لە بارەی ئەو جیاوازییەی، کە لە نێوان ڕێککەوتی دامەزراندنی ڕادیۆی دەنگی کوردستان و ئەو ڕێککەوتەی کە بۆ یادی ساڵوەگەری ڕادیۆیەکە دیاریکراوە، کە دەکەوێتە 28ی ئەیلوول، دەنووسێت:"ڕاستە 20ی ئاب ڕۆژی کردنەوەی پەخشی ڕادیۆی دەنگی کوردستانە، بەڵام وای بۆ دەچین لە 28ی ئەیلوول کەوتبێتە سەرپێ و ڕیتمی ئاسایی کارەکانی وەرگرتبێت، بۆیە 28ی ئەیلوول بۆ یادی ساڵوەگەری دامەزراندنی ڕادیۆی دەنگی کوردستان دیاریکراوە".

لە دەستپێکی شۆڕش، بیرکردنەوە لە ڕاگەیاندن و دامەزراندنی ڕادیۆیەک، کارێکی نوێ بووە لە هەموو ناوچەکە، بۆ ئەوەی دەنگی شۆڕش و پێشمەرگە بگاتە هەموو شوێنێک لە نێوخۆی کوردستان و دەرەوە. ئەم بیرکردنەوەیەش بۆ ئەو کات گرنگییەکی زۆری هەبووە، بۆیە دامەزراندنی ئێزگەی دەنگی کوردستان لەو ڕۆژگارە سەختەدا، گرنگییەکەی تەنیا لە مێژووی دامەزراندن و بەردەوامبوونی نییە، بەڵکو لە نێوەڕۆک و وردەکارییەکانیشی دایە. بۆ نموونە سەختی هێنانی ئامێرەکانی ڕادیۆ و دامەزراندنی، ئەرکی بەڕێوەبردن، ئەو ستافەی کاری تێدا کردووە، کە خەڵکی ناوچەکانی تەواوی کوردستانی بوونە، بە پارچەکانی دیکەشەوە، واتە توانا و بەشداری هەمووان تێیدا ڕەنگیداوەتەوە (عەلی، ئەیلوولی 2023).

ڕۆژنامەی خەبات، لە ژمارە (585)ی تشرینی دووەمی ساڵی 1988 وتارێکی بۆنەی یۆبیلی زیوینی ڕادیۆی دەنگی کوردستان بە ناونیشانی "یۆبیلی زیوین، 25 ساڵەی ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق" بڵاوکردووەتەوە و تێیدا هاتووە "ژمارەیەک لە سیاسییە ناسراوەکانی کورد، کە لە سەرکردایەتی پارتیدا بوونە، یان کادیری پێشکەوتووی بوونە و پاشان ڕۆڵێکی دیاریان لە بزوتنەوەی کورد هەبووە، لە ئێزگەی دەنگی کوردستان دەوریان بینیووە، سەرپەرشتیان کردووە، بۆیان نووسیووە، یان بەڕیوەیان بردووە" (جاف، 2002، ل195). ئەمە دەرخەری ئەوەیە پارتی دیموکراتی کوردستان، بایەخێکی زۆری بە ئێزگە داوە، بۆیەشە هەمیشە هەوڵی داوە باشترین کادیر و خوێندەواری نێو شۆڕش و پارتی بۆ بەڕێوەبردنی ڕادیۆکە تەرخان بکات، یان بە گوتار و نووسین بەشداری بە سەرکردەکانی بکات.

ڕادیۆی دەنگی کوردستان بەرنامەکانی بە (چەمی ڕێزان)[6] و سروودی (پێشمەرگەی بە هەڵمەتین)[7] دەست پێکردووە، بە سروودی (ئەی ڕەقیب)[8]یش کۆتایی پێهناوە، دەنگوباس و وتاری سیاسی بڵاوکردۆتەوە. ڕادیۆیەکە لە ڕووی ماکی (معنوي) کاریگەریی زۆری لەسەر دەروونی خەڵکی کوردستان هەبووە، دۆست و لایەنگر و ئەندامانی پارتی، بە پەرۆشەوە گوێیان بۆ هەڵخستووە. هەروەک بە هەواڵ و دەنگوباسی پێویست و دەرخستنی کارە نا لە بارەکانی حکومەتی عێراق، ورەی بە پێشمەرگە دەبەخشی و ڕێگەی کوردایەتی لە دڵدا جێگیر دەکردن و خەڵکی ڕادەکێشایە ناو کۆڕی خەبات و شۆڕش (ساڵح، 2007، ل100-99).

لە شۆڕشی ئەیلوولدا، حەبیب محەمەد کەریم ، ساڵح حەیدەری، سامی عەبدولڕەحمان، عومەر دزەیی، حوسێن قەرەداغی، بورهان قانیع، بارزان مەلا خالید، شێرکۆ بێکەس، مەهدی ئومێد، فەلەکەدین کاکەیی، هەژار موکریانی...هتد، هەروەها لایەنی

تەکنیکی ئەمجەد عەبدولواحید و عەبدولخالق مەعروف، ئەحمەد دەشتی، مستەفا ڕابەر، بەڕێوەیان بردووە (سەپان، 11ی تەممووزی 2017).

ڕادیۆی دەنگی کوردستان، پاش دەرچوونی ڕێککەوتننامەی 11ی ئاداری 1970 بە ماوەیەک بەردەوام بووە، دوایی بۆ ماوەی نزیکەی چوار ساڵ، بە پێی ئەو ڕێککەوتننامەیە (کە یەکەمین دانانی ڕەسمی دەوڵەتی عێراقە بە کێشەی کورد) لەکار وەستێنرا، تا ئەوەی لە نیسانی 1974 جارێکی تر کەوتەوە کار، ئەمجارەش بۆ ماوەی ساڵێک بەردەوام بووە. پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ئاداری 1975 لە ئەنجامی ڕێککەوتننامەی جەزائیر، ڕادیۆکە بۆ ماوەیەک وەستا، پاشان دوای دەسپێکردنەوەی شۆڕش لە ژێر ناوی (شۆڕشی گوڵان) لە پایزی 1977 جارێکی تر بەکارخرایەوە. ئەم ڕادیۆیە، قۆناغ بە قۆناغ هاتووە، تا ئەمڕۆیش بەردەوامە (سورمێ، 2020، ل29-30).

## 2.4 دامەزراندنەوەی ڕادیۆی دەنگی کوردستان دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان

لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی گوڵان لە 26ی ئایاری 1976، پێویستی ڕادیۆیەک بۆ گواستنەوەی دەنگوباسی شۆڕش و بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگە و پتەوکردنی گیانی بەرگریی لای خەڵکی کوردستان هاتە کایەوە، بۆیە سەرکردایەتی شۆڕش هەستی بە پێویستی ڕادیۆیەک کرد بۆ گەیاندنی زانیاری و چالاکییەکانی پێشمەرگە بە هەموو کوردستان، بۆ ئەو مەبەستە کەوتە مشووری پەیداکردنی ڕادیۆیەک. ساڵی 1977 ئێزگەیەکی (400) واتی لە سوید بە (10.000$ دە هەزار دۆلار) لە ڕێگەی هەریەک لە دکتۆر مەجید جەعفەر [9] و دکتۆر حەمید ئاکرەیی[10] دەکرێت (جاف، 2002، ل134). هەرچۆنێک بێت ئێزگەکە بە شێوەیەکی قاچاخ دەگەیەندرێتە شاری قامشلۆ، لەوێشەوە بە جۆلەمێرگ و ناوچەی باسیا لە سەر سنووری تورکیا- عێراق، تاکو دەگەیەندرێتە گوندی هەرکێ لە ناوچەی بارزان سەر بە قەزای مێرگەسۆر. دوای ماوەیەک ئەو ئێزگەیە دەست بە پەخشی بەرنامەکانی دەکات، تاکو کۆنگرەی نۆیەم (1979) لە گوندی هەرکێ دەمێنێتەوە (بارزانی، 2021، ل123).

وەک (شـەماڵ حەوێزی)[11] نووسـەر و بێژەر و تەکنیککاریی سـەرەتای کردنەوەی ڕادیۆ ئاماژەی بۆ دەکات، دامەزراندن و بەکارخسـتنی ئێزگە کارێکی ئاسان نابێت، بەڵام بە هەوڵ و کۆششـی چەند تەکنیککار و گەنجێکی خوێندەوار، ئێزگە لە بەرزاییەکی نزیك گوندی هەرکێ (هەرکی بنەجێ) دیوی باشووری کوردستان، نزیك سنووری باکوور و باشووری کوردستان، کە دەڕوانێتە چیای چارچەل و ڕووبارێك گوندەکە دەکاتە دوو بەش (تورکیا و عێراق) دادەمەزرێت. بە خوێندنەوەی کەتەلۆگی ئێزگە و فەرهەنگێکی ئینگلیزی- عەرەبی، ئەنتێنە چەقێندرا و ئێزگە لەسـەر شـەپۆلێکی کورتی 49 مەتری کەوتەوە کار (ئێرە دەنگی کوردسـتانە، لەناو جەرگەی کوردستانی خوێناویدا، دەنگی شۆڕشی گوڵانی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازە، دەنگی پێشمەرگە قارەمانەکانە...)، بەم شێوەیە ئێزگە لە ژێر ناوی "ئێزگەی دەنگی کوردسـتان" بە بێ ناوی عێراق دەسـت بە پەخشـی بەرنامەکانی دەکات (حەوێزی، 6ی ئەیلوولی 2023).

گوتاری ڕۆژی یەکەمی دەستپێکردنی پەخشی ڕادیۆ تەرخاندەکرێت بۆ وەڵامدانەوەی (ئەحمەد حەسەن بەکر) سەرۆک کۆماری ئەوکاتی عێراق، کە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ئاداری 1975 وتبووی "انتهت والى الأبد" بەو مانایەی بزاڤی ئازادیخوازی کوردستان کۆتایی هات، لێ گوتاری ئەو ڕۆژەی ڕادیۆ بەم جۆرە بوو "لم تنتهي حتى تتحقق حقوق الشعب الكردي كاملة" (جاف، 2002، ل135).

ستافی بەڕێوەبردنی ڕادیۆکە، بە تەکنیکێکی سادە و کەم ئەزموونییەوە، بەڵام بە ئیرادەیەکی بەهێز، کارێکی گەورە دەکەن، ڕۆژانە هەواڵ و بەرنامەکان لەسەر کاسێتێك تۆمار دەکەن، پاش گوتارێکی سیاسی، یان هەواڵەکان، سروودێکی لەگەڵ دادەنێن و پەخشی دەکەن، هەر ئەو چەند کەسە موەلیدەی کارەبا و وێستگەی ئێزگە بەکار دەخەن. ڕۆژانەش لە ترسی بۆردومانی فڕۆکەکانی عێراق، ئێواران (ئەنتێن) دەچەقێنن و بەیانیی ڕۆژی دواتر، ئەنتێنەکە دەخەنە سەر زەوی (کەریم، 6ی ئەیلوولی 2023).

هاوینی 1979 ئێزگەکە دەگوازرێتەوە گوندی زێوەی مەرگەوەڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پاشان لەوێشەوە دەگوازرێتەوە گوندی شەقڵاوەی نزیک هەلەج (بارزانی 2021،ل .122-123)، لە مانگی تەمموز، دوای ماوەیەك کێوماڵکردن، لە سەر گردێکی بەرزی پشت گوندی بادیناوە (نزیك نێڵە کاولان) ئێزگەکە دادەمەزرێننەوە و بەکار دەخرێتەوە. دیارە هۆکاری گواستنەوەی ئێزگەکە بۆ

دوورکەوتنەوە لە هەڕەشە ڕاستەوخۆکانی حکومەتی عێراق لە سەر ناوچەی هەرکێ و بێداڤ دەگەڕێتەوە، دیسان شوێنی ئێزگە دەبێتە ئامانجی سوپای عێراق. لەو ڕوانگەیەوە، سەرکردایەتی شۆڕش بڕیاری گواستنەوەی ئێزگە دەدات بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە ئەوکات دەسەڵاتی حکومەتی ئێرانی لێ نەمابوو (حەوێزی، 6ی ئەیلوولی 2023).

لە ماوەیەکی کورتدا لە هەموو لایەکەوە، بە تایبەت پێشمەرگە و جەماوەری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، پێشوازییەکی باش لە بەرنامەکانی ڕادیۆکە دەکەن و گوێبیستی دەبن، حەمید ئاکرەیی لە کتێبی مێژووی دەنگی کوردستانی عێراق (2002) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە وێڕای توانای سنووردار و ماوەی کورتی پەخش، پرۆگرامەکانی ڕادیۆ دەبنە مایەی دڵگەرمی و ئاسوودەیی گوێگران، ئەمەش وایکردبوو، بە درێژایی پەخشی ڕادیۆکە، گوێگر پابەند بێت بە ماوەکەی (جاف، 2002، ل12).

### 3.4 بەرنامەکانی ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە شۆڕشی گوڵان

تەواوی بەرنامەکانی ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە قۆناغی شۆڕشدا، ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی و ململانێی نێوخۆیی و هەرێمایەتی بوون. سەرەتای کەوتنە کاری ئێزگەکە پەیامی و سیاسەتی سەرکردایەتی شۆڕش و پارتی دیموکراتی کوردسان، بیر و ڕێبازی شورش، هەواڵی شەڕ و ئەو زووڵم و چەوسانەوەی لە لایەن حکومەتی عێراق دەرهەق بە کورد دەکرا، ئاشکراکردنی پیلانەکانی حزبی بەعس بۆ نیشتەجێکردنی عەرەب و میسرییەکان لە دەڤەری بەرواری و چەند ناوچەیەکی تر، هەروەها دەنگوباسی چالاکیەکانی پارتی و ڕەوەندی کورد و قوتابیانی کورد لە ئەوروپا و ئەمەریکا و سترانەکانی شڤان پەروەر و هونەرمەندانی دیکە و چەندین باس و بابەتی تر، نێوەڕۆکی بەرنامەکانی ڕادیۆیان پێکدەهێنا (بەننا، ئەیلوولی 2023).

(ئاسۆ کەریم)[12] یەکێک لە هەڵسوڕاوانیی ڕادیۆ لە دەستپێکی کردنەوەی لە شۆڕشی گوڵان، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە لە دووتوێی ماوەی ڕۆژانەی ئێزگەکە، دەنگوباس و چالاکییەکانی پێشمەرگە دەخوێندرانەوە، لەگەڵ دوو سێ گوتاری سیاسی و سروودی شۆڕشگێڕانەی شوان پەروەر، دڵگەش، فوئاد ئەحمەد و شیرین. کەواتە ئێزگەی دەنگی کوردستان، لەپاڵ بەیاننامەکان، ڕاگەیاندراوەکانی پێشمەرگە و بابەتەکانی ڕۆژنامەی (خەبات)یشی، کە بە عەرەبی دەردەچوو، لە لایەن دەستەی نووسەران دەکرانە کوردی، بڵاودەکردنەوە (کەریم ، 6ی ئەیلوولی 2023).

ڕادیۆی دەنگی کوردستان، ڕۆژانە پەیامی بۆ خەڵکی کوردستان و بۆ پێشمەرگە بڵاودەکردەوە، لە ڕێی ئەو بابەت و بەرنامانەی پێشکەشی دەکردن، هەوڵی دەدا گیانی فیداکاریی و کوردپەروەریی لای پێشمەرگە و جەماوەری خەڵکی کوردستان بەرز ڕابگرێت. بۆ نموونە لە نەورۆزی ساڵی 1984 پەیتا پەیتا پەیام بۆ پێشمەرگە و جەماوەر بڵاو دەکاتەوە و کار بۆ ئەوە دەکات خەڵکی کوردستان، ئەوانەی گوێبیستی ڕادیۆکەن، لە یەک کاتدا ئاگری نەورۆز بکەنەوە، خەڵکیش لە هەموو شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان، بە جۆش و خرۆشەوە ئاگریان کردووەتەوە (کاکەیی، 10ی ئەیلوولی 2023).

### 4.4 سەرچاوەی زانیارییەکانی ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە شۆڕشی گوڵان

دیارە لە دەستپێکی کردنەوەی ڕادیۆ، لەو قۆناغەی شۆڕشی گوڵان، ستافی ئێزگە بە پلەی یەکەم بەرچاوڕوونی و ڕووانینی سیاسیان لەو ڕاپۆرتەی سەرکردایەتی کاتی هەڵێنجاوە، کە لە کۆنفرانسی بەرلین 1976 بە ناوی (طریق الحركە...) پەسند کرابوو، هەروەها لەو بەیاننامانەی، کە بە ناوی سەرکردایەتی کاتی دەردەچوون، لەگەڵ ئەو ڕێنماییانەی (سامی عەبدولڕەحمان)[13] هەفتانە جارێک، یان دوو جار، بە پۆست لە دۆڵەگۆستەوە بۆ ستافی ڕادیۆی دەنارد. نامە و پەیامەکان بە زمانی عەرەبی نووسراون، ڕێنوێنی ستافی ڕادیۆ کراوە چۆن مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە بکەن. دەستەی نووسەران لە گوتار و نووسینەکانیاندا، بیروبۆچوونی خۆشیان لەگەڵ ڕوانین و ڕێنماییەکانی سەرکردایەتی تێکەڵکردووە. سەرچاوەی دیکەی هەواڵەکانی ڕادیۆ، ئێزگەکانی نێوخۆی عێراق و جیهانی وەکوو: BBC و مۆنتی کارلۆ و ئیسرائیل و هتد بووە (کەریم ، 6ی ئەیلوولی 2023).

ڕادیۆکانی BBC و دویچە و مونتی کارلۆی عەرەبی، سەرچاوەی گرنگی زانیارییەکانی ڕادیۆی دەنگی کوردستان بوونە لەو قۆناغەدا، ئەو ڕادیۆیانەش هەواڵی دەستپێکردنی شۆڕشی گوڵانیان بڵاوکردووەتەوە. زانیارییەکانی شەڕ و چالاکییەکانی پێشمەرگەیش، لە ڕێگەی پۆستەکانی (جەوهەر نامق)[14] و (عەبدولڕەحمان پێداویی)[15] گەیشتوونەتە دەست ستافی بەڕێوەبردنی ڕادیۆکە. بۆ هەواڵەکانی تریش ئێزگەکانی عێراق، ئێران و سووریا و وڵاتانی تر، سەرچاوەی گرنگی زانیارییەکان بوونە، لە ڕێگەی پۆستەشەوە، دوو

هەفتە جارێک زانیاری و هەڵوێستی سیاسی پارتی لە لەندەنەوە نێردراوەتە ئەنقەرە، لەوێش لە ڕێی تەتەر گەیشتووەتە ستافی ڕادیۆ (بەننا، 11ی ئەیلوولی 2023).

هەروەها بەشێکی سەرچاوەی زانیارییەکان، مەکتەبی سیاسی پارتی دەبێت، لە هەموو لقەکانەوە دەنگوباس و چالاکیی پێشمەرگە بە هۆی لاسلکییەوە دراوەتە مەکتەبی سیاسی، لەوێشەوە نێردراوەتە ڕادیۆ (کاکەیی، 10ی ئەیلوولی 2023).

(قادر حەسەن)[16] پێیوایە بۆ دەستکەوتنی زانیاریی بە شێوەیەکی سەرەکی پشتیان بەو بەرنامەیە بەستووە، کە ڕۆژانە لە ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسیەوە بۆیان هاتووە، کە ئەویش خۆی لە بەرنامە و هەڵوێستی سیاسی، هەواڵ و زانیارییەکانی تایبەت بە چالاکییەکانی پێشمەرگە و نێوخۆی شار و شارۆچکەکانی کوردستان بینیووەتەوە (حەسەن، 7ی ئەیلوولی 2023). جگە لەوەش بۆ هەواڵەکانی ڕادیۆ، سوودیان لە زانیاریی ڕێکخستنەکانی ناو شارەکان، بەشی ئەنسات بینیووە (مایی، 12ی ئەیلوولی 2023)..

دیارە بە پێی هەلومەرجی نێوخۆیی شۆڕش و بارودۆخی سیاسی کوردستان و عێراق، گۆڕان بەسەر سەرچاوەی زانیارییەکانی ڕادیۆدا هاتووە، لە هەندێک قۆناغدا، زۆرترین زانیاریی ناو شارەکان لە ڕێی جیاواز گەیشتووەتە ڕادیۆکە، لە هەندێک قۆناغیشدا، گەیشتنیان دژوار بووە، بەڵام وەک بەشێکی ستافی ئەو کاتی ڕادیۆکە ئاماژەی بۆ دەکەن، لە هەموو بارودۆخێکدا، لە ڕێگەی ڕادیۆ نێودەوڵەتییەکانی وەک BBC و مۆنتیکارلۆ و ئیسرائیل و هتد.. هەواڵ و زانیاریی گرنگیان لەبەردەست بووە. بە پێچەوانەشەوە "ئەو ڕادیۆیە ببووە سەرچاوەی زانیاریی بۆ ڕادیۆ نێودەوڵەتییەکانیش، زۆر جار ڕادیۆ و ئاژانسە بیانییەکان، هەواڵی شۆڕش و ڕووداوەکانی ئەو کاتەی عێراق و کوردستانیان لە ڕێگەی زانیارییەکانی ڕادیۆی دەنگی کوردستان گواستووەتەوە" (عەلی، 28ی ئەیلوولی 2023).

### 5.4 ستافی بەڕێوەبردنی ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە شۆڕشی گوڵان

لە قۆناغی دەستپێکی ئێزگە، لە شۆڕشی گوڵان، کادیرەکانی ئێزگە بە نووسەر و بێژەرکانییەوە، بریتی دەبن لە: (عەبدوڵڵا ساڵح، ئاسۆ کەریم، شەماڵ حەوێزی، فارس عەلی ئامێدی، هۆشیار ئاکرەیی، فەتحی ئاکرەیی (سیامەند) و ئەندازیار ئەحمد دیاربەکری) لەگەڵ دە پێشمەرگە لە دەستەی پاسەوانان و چێشتلێنەران (حەوێزی، 6ی ئەیلوولی 2023).

لە سەرەتا هەریەک لە (شەماڵ حەوێزی، ئاسۆ کەریم، فەتحی ئاکرەیی و عزەت ئامێدی) ستافی ئێزگەیان پێکهێناوە، (سامی عەبدولرەحمان) لە نزیکەوە سەرپەرشتی ڕاگەیاندنی کردووە، (سیامەند بەننا)[17] بەڕێوەبەری ئێزگەکە بووە. دواتر هەریەک لە (ئەحمەد دەشتی، شوکری نێرویی، بارزان مەلا خالید، مەسعود ساڵەیی، تەحسین دۆڵەمەری، سەباح بەیتوڵڵا، مەسعود نێرویی، عەبدوڵڵا چەلەبی، قادر حەسەن ئاغا، نیسان ئۆشانە هیتو، ئیبراهیم مستەفا و هێمن حەسەن) بۆ ماوەی جیاواز، وەک بێژەری ڕادیۆ ڕۆڵیان بینیووە. لە نیوەی یەکەمی ساڵانی هەشتا، ئەندازیار (ئەحمەد بریفکانی و هاشم ئەحمەد ئاکرەیی)یش بۆ ماوەی جیاواز بەڕێوەبەری ڕادیۆکە بوونە. کادرانی تەکنیکیش بریتی بووونە لە (عیسمەت ڕەجەب، تاڵیب سەعید، سەیفەدین حوسێن)، بۆ ماوەیەکیش هەریەک لە (مەسعود ساڵەیی، دکتۆر ناسح غەفوور، دکتۆر ڕزگار، حەمید سووری، فەلەکەدین کاکەیی، ڕێبوار یەڵدا، فەهمی کاکەیی و بارزان مەلا خالید) ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئێزگەکە بوونە (بارزانی، 2021، ل123-124).

لەو قۆناغەدا، بەهۆی کەمی نووسەران و گوتارنووسی باش، هەریەک لە (سیامەند بەننا و سامی عەبدولڕەحمان) گوتار و شرۆڤەی سیاسیان نووسیووە، کە زیاتر لە دووتوێی گوتارەکانیاندا، چالاکی پێشمەرگە، خستنەڕووی زووڵم و ستەمی حکومەتی بەعس، بەرگری و ئازایەتی پێشمەرگە و گەشەکردنی شۆڕش ڕەنگی داوەتەوە (بەننا، 11ی ئەیلوولی 2023). هەر لەو قۆناغەدا، (فەلەکەدین کاکەیی)[18] بە ناوی (صابر) زنجیرە گوتارێک بۆ ڕادیۆکە دەنووسێت و بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکراونەتەوە (کەریم، 6ی ئەیلوولی 2023).

لە بەر ئەوەی ڕادیۆکە بەپێی سیاسەت و ستراتیژیەتی پارتی و شۆڕش کاری کردووە، لە یەکێک لە قۆناغەکان، هەموو ئەو گوتارانەی لەلایەن دەستەی نووسەران نووسراون، نێردراون بۆ (هۆشیار زێباری)[19]، یان (فەلەکەدین کاکەیی) بە مەبەستی پێداچوونەوە، هەندێک جاریش (عەلی عەبدوڵڵا)[20] بەر لە بڵاوبوونەوەیان، گوتارەکانی خوێندوونەتەوە، بەم شێوەیە هەموو نووسینەکان بە فیلتەری سەرکردایەتی تێپەڕیوون، بەڵام بە دەگمەن ڕێککەوتووە، گوتارێک ڕەتبکرێتەوە، یان تێبینیی لەسەر بێت (کاکەیی، 10ی ئەیلوولی 2023).

ستافی ڕادیۆ لە ساڵی 1980 بریتی دەبن لە (ئەندازیار ئەحمەد بریفکانی- بەڕێوەبەر، سەباح بەیتوڵڵا، تەحسین ئیسماعیل، قادر حەسەن و محەمەد نەزیف - بێژەرانی کرمانجی خواروو و سەروو، هاشم ئاکرەیی و وەلید ئاکرەیی - کادرانی تەکنیکی). بەڵام لە ساڵانی دواتر، هەریەک لە: (مەسعود نێروەیی، مەحفووز مایی، ئازاد ئەحمەد، بەهزاد چەلەبی، عەبدوڵڵا چەلەبی، عەبدوڵڵا خەلۆ، عیسمەت ڕەجەب، سەیفەدین شنگالی، شەهید نیسان ئۆشانا، تاڵیب عید حەمۆ، ئەندازیار حەسەن زاوێتەیی و ئەندازیار پێشڕەو شاڵی) ستافی ڕادیۆکەیان پێکهێناوە (حەسەن، 7ی ئەیلوولی 2023).

بە پێی گێڕانەوەی (فەهمی کاکەیی)[21] ساڵی 1983 ئەو کاتەی ئێزگە لە ڕاژانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت، بێژەرەکانی بەشی کوردی ڕادیۆ بریتی دەبن لە: (بارزان مەلا خالید، سەباح بەیتوڵڵا، تەحسین دۆڵەمەری، قادر حەسەن ئاغا، سدقی هروری و مەحفووز مایی). دەستەی نووسەرانیش پێکدێت لە: (حەمید سووری، د. ناسیح غەفوور، مەسعوود سالّەیی و فەهمی کاکەیی)، ئەرکی ئەوان نووسینی گوتاری سیاسی و ڕۆشنبیریی دەبێت. فەهمی کاکەیی جیا لە ئەرکی نووسینی گوتار و شرۆڤەی سیاسی، بەرنامەی (کاروانی شەهیدان)یش ئامادە و پێشکەش دەکات، لە بەر ئەوەی بەرنامەکە بە شێوەیەکی ئەدەبی و زمانێکی ڕوون پێشکەش دەکات، دەنگدانەوەی دەبێ و پێشوازییەکی باشی لە نێو جەماوەر و هێزی پێشمەرگە لێدەکرێت، تا ئەو ڕادەیەی، پێشمەرگەی وا هەبووە ئارەزووی کردووە شەهید ببێت، بۆ ئەوەی لە بەرنامەی کاروانی شەهیدان باسی بکرێت (کاکەیی، 10ی ئەیلوولی 2023).

یەکێک لە بێژەرەکانی ئەو قۆناغەی ڕادیۆکە (1983-1985) ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە، جیا لە ئەوانەی لە سەرەوە ناویان هاتووە، (ئیبراهیم مستەفا)ش بێژەری کرمانجی سەروو بووە، بەرپرسیاریەتی بەشی ڕاگەیاندن لە ئەستۆی (فەلەکەدین کاکەیی) بووە و (ناجی ئەرگۆشی)یش بەرپرسی ئەنساتی مەرکەزیی بووە، (ئەحمەد گولی)یش یەکێکی تر بووە لە کارمەندانی هونەریی ڕادیۆکە (مایی، 12ی ئەیلوولی 2023).

ستافی ڕادیۆ لە قۆناغی شۆڕشی گوڵان، بەردەوام گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەشێك لە بێژەر و نووسەر و تەکنیککارەکان، دوای چەند ساڵێک کارکردنیان لە ئێزگە، ئەرکی دیکەیان لە نێو شۆڕش و دامەزراوەکانی پارتی پێسپێردراوە، بە بەردەوامیش کادیری نوێ وەرگیراون و ئەرکی جیاوازیان پێدراوە.

#### 6.4 تەکنیک و سنووری پەخش و ماوەی بەرنامەکانی دەنگی کوردستان لە شۆڕشی گوڵان

ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە سەرەتای دامەزراندنیدا، لە یەک کیلۆوات کەمتر بوو، مەودای بڵاوبوونەوەی زۆر بەرتەسک بوو، بازنەی نیوەتیرەی لە 50 کم تێنەدەپەڕی (بارزانی، 2020، ل231). لە شۆڕشی گوڵانیشدا، لە سەرەتا ئێزگەکە بە شەپۆلی کورت کاری کردووە، گەیشتووەتە ئەورووپا، لە مانگی حوزەیرانی 1977 کاتێک ستافی ڕادیۆکە شارەزایی باشتر لەسەر ئامێر و تەکنیکی ڕادیۆ پەیدا دەکەن، پەخشەکەی دەگاتە زۆر ناوچە و وڵاتی دیکە. لە دەستپێک، ماوەی بەرنامەکانی 30 خولەک دەبێت، بەڵام دواتر بووەتە 45 خولەک بە زمانی کوردی و 15 خولەک بە زمانی عەرەبی و 10 خولەک بە زمانی ئینگلیزی (بەننا، 11ی ئەیلوولی 2023). بەڵام ماوی پەخشی ڕادیۆ وردە وردە زیادکراوە، تا گەیشتووەتە کاتژمێرێک و نیوی ئێواران، لەسەر شەپۆلی کورتی (49) مەتری، بۆ ڕۆژی دواتریش بەیانییەکەی دووبارە کراوەتەوە، بەڵام هەر زوو حکومەتی بەعس تەشویشی لەسەر داناوە و پێویستی کردووە ستافی ڕادیۆ جێگەکەی بگۆڕن (کەریم ، 6ی ئەیلوولی 2023).

لە شۆڕشی گوڵان بۆ زاڵبوون بەسەر تەشویش و بەلاڕێدابردنی هەوڵی حکومەت لە تەشویش خستنە سەر پەخشی ڕادیۆی دەنگی کوردستان، دوو فرێکوێنسی جیاواز لە ڕێگەی دوو ئامێری پەخشی ڕادیۆکە کاریان کردووە (حەسەن، 7ی ئەیلوولی 2023)، بەمەش بیسەر ناچار بووە بەردەوام میلی ڕادیۆکەی بگۆڕێت بۆ ئەوەی گوێبیستی بەرنامەکانی دەنگی کوردستان بێت (عەلی، 28ی ئەیلوولی 2023).

لەگەڵ ئەوەی جیاوازیی توانای ڕادیۆی دەنگی کوردستان، لەگەڵ ئەو ئێزگەیەی حکومەت بۆ تەشویش خستنە سەر ڕادیۆی دەنگی کوردستان تەرخانی کردبوو، یەکجار زۆر بووە، وێستگەی ڕادیۆی دەنگی کوردستان (400 وات) بووە، ئەوەی حکومەتی عێراق (10 کیلۆ وات) بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هێشتا دەنگی ڕادیۆکە هەر بیستراوە و کاریگەریشی هەر هەبووە، ئەمەش بەشێکی زۆری

بۆ هەوڵ و هیمەتی تەکنیککارانی ئەو کاتی ڕادیۆ، لە ڕێی گۆڕینی فریکوێنس، یان جووڵەپێکردنی، دەگەڕێتەوە (حەسەن، 7ی ئەیلوولی 2023).

دیارە حکومەتی عێراق لەگەڵ دەستپێکی کردنەوەی ڕادیۆی دەنگی کوردستان، بۆ ئەوەی دەنگی نەبیسترێ و کاریگەریی لەسەر جەماوەری کوردستان دروست نەکات، دەستبەجێ ئێزگەیەکی بەهێزی سەرلێشێواندن دادەمەزرێنێ، کە (گۆرانی و میوزیکی پڕ هەرا و زەنای جازی)[22] بڵاوکردووەتەوە، لەگەڵ ئەوەش نەیتوانیووە دەنگی ئێزگەکە کپ بکات، تەنانەت چەندین جار پەنای بردووەتە بەر بۆمبابارانکردنی، بەڵام ئێزگەی دەنگی کوردستان لە گەیاندنی پەیامی شۆڕش بەردەوام بووە و کاریگەری زۆری لەسەر ورەی جەماوەر و پێشمەرگە هەبووە (بارزانی، 2020، ل231).

## 5. گوتاری ڕادیۆی دەنگی کوردستان و ڕۆڵی لە پاڵپشتیکردنی شۆڕشی گوڵان

### 1.5 ڕەنگدانەوەی گوتاری نیشتمانی و بەرگریی لە پەیام و بەرنامەکانی ڕادیۆی دەنگی کوردستان

بە گەڕانەوە بۆ نێوەڕۆکی ئەو پەیام و گوتارانەی لە چوارچێوەی ماوەی ڕۆژانەی ڕادیۆی دەنگی کوردستان پێشکەش دەکران، جیا لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی شۆڕش و پارتی دیموکراتی کوردستان، یادکردنەوەی مەلا مستەفای بارزانی و شەهیدانی بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان، بەرنامەی ڕۆشنبیریی و مێژوویی، چالاکییەکانی پێشمەرگە، خستنەڕووی ئەو زووڵم و ستەمەی بەرانبەر بە گەلی کوردستان لە نێوخۆی وڵات دەکرا، هەوڵی داوە گەشە بە بیری نەتەوەیی و هۆشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی جەماوەری کوردستان بدات، هەروەها بایەخێکی زۆری بەو بابەتانە داوە، کە ڕەهەندی نیشتمانی و نەتەوەیی و شۆڕشگێڕییان هەیە.

ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە هەموو ئەو بابەتانە دواوە، کە پەیوەست بوونە بە دۆزی کورد و عێراق و ناوچەکە، بە پێی پێویست شرۆڤە و ڕوونکردنەوەی لە بارەی هەموو پرس و ڕووداوەکان هەبووە، هەڵوێستی سەرکردایەتی شۆڕشی بۆ بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان بە ناوخۆ و دەرەوە گەیاندووە (ساڵح 2007، ل100). ڕەچاوی تایبەتمەندی تەواوی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی کوردستان و عێراقی کردووە، هەوڵی داوە لە ڕێگەی دەنگوباس و پەیام و بەرنامەکانی، بڵندگۆی هەموو پێکهاتەکان بێ، شۆڕشیش تەنیا وەک شۆڕشێکی کوردی وێنا نەکات، بەڵکو وەک شۆڕشی هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی کوردستان و عێراق بناسێنێ. بۆ نموونە لە یەکێک لە گوتارەکانیدا، لە ژێر ناوی "بۆچی برا ئاسوورییەکان وا بەگەرمی پشتی شۆڕشی کورد دەگرن؟"[23] هاتبوو"هەندێک کەس سەریان لەوە سوڕ دەمێنێت، بۆچی برا ئاسوورییەکان بە گەرمی پشتی گەلی کورد و شۆڕشە سەرکەوتووەکەی دەگرن، وەک هەموو پێشمەرگەیەکی کورد لە پێناویدا گیانیان بەخت دەکەن. ئاسوورییەکانی نیشتەجێی شارەکانیش، بە پەرۆشەوە گوێ لە ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق دەگرن، ئەو جۆرە هەڵوێستە پڕ شەرەف و شانازییەی برا ئاسوورییەکان، بنچینە و ڕیشەیەکی مێژوویی قووڵ و دێرینی هەیە. بەر لە هەموو شتێک ئەوە پتر لە 2500 ساڵە ئاسووری و کورد وەک برا پێکەوە دەژین، تەنانەت جیاوزیی ئایینیش هیچ کاتێک لە یەکی نەکردوون. لە سەردەمی عوسمانییەکانیشەوە، کە کورد و ئاسووری و هەموو گەلانی تریان وەک یەک، بێ ڕەحمانە دەچەوساندنەوە، خەباتی هاوبەشی بەینی هەردوو لا، ئەوەندەی تر، جێگیر و کاریگەر دەبوو، تەنانەت کاربەدەستانیی عوسمانی، کە بەمە نارەحەت بوون، هەوڵێکی زۆریان دەدا بۆ دورخستنەوەی کورد و ئاسووری لە یەکتر، بۆ ئەم مەبەستە پەنایان دەبردە بەر هەموو هۆ و ڕێگەیەک، کە تا ڕادەیەکی یەکجار زۆر، بێ ئەنجام بوون، بە پێچەوانەشەوە، برایەتی ئاسووری و کورد تا دەهات پتەوتر دەبوو" (جاف، 2002، ل81).

ئەمە دەرخەری ئەوەیە، سەرکردایەتی شۆڕش زۆری بەلاوە مەبەست بووە، شۆڕشی کوردستان، شۆڕشی تەواوی پێکهاتەکان بێت، هەمووان خۆیان تیایدا ببینەوە، بە شۆڕشی خۆیانی بزانن. لەو بارەیە (عەلی، 28ی ئەیلوولی 2023) دەڵێت: "لە بنەڕەتەوە ڕادیۆی دەنگی کوردستان زۆر جەختی لە قوڵکردنەوەی گیانی برایەتی و تەبایی، پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی کردووەتەوە، لەسەر ئەو بنەمایەش دامەزراوە. ڕادیۆی دەنگی کوردستان، ڕادیۆی هەموو پێکهاتەکان بووە، کوردستانی تەنیا وەک مەڵبەندی کورد و موسڵمان و هەولێر و سلێمانی نەبینیوە، بەڵکو کوردستانی گەورەتر و وەک خاکی هەمووان بینیوە، پێیوابووە، هی تەواوی گەل و نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی سەر ئەو خاکەیە و لەسەر ئەو ڕێبازەش بەردەوام دەبێت".

بۆیە لە نێو ئەو شۆڕشەدا، ژمارەیەکی زۆر سەرکردە، فەرماندە و پێشمەرگەی ئاسووری و تورکمان، تەنانەت عەرەبیش، هەبوون، لەو ڕێگەیەشەوە قوربانی زۆریان داوە. هەروەها لە چەندین گوتاردا، بەردەوام جەختی لە کوردستانی بوونی کەرکووک و سیاسەتی بەعەرەبکردنی شارەکە کردووەتەوە، ڕاگواستنی گوندنشینانی ناوچە کوردستانییەکانیشی بە مەترسییەکی گەورە لێکداوەتەوە، ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو سیاسەتەشی بە ئەرکی هەموو لایەک زانیووە، هەروەک لە گوتارێکی ڕادیۆکە لە ژێر ناوی "شاری کەرکووک لە سایەی ستەمی بەعسی عەفلەقیدا"[24] هاتووە "شاری کەرکووک لە لێکدانەوە سیاسییەکانی ڕژێمی عەفلەقیدا، حیسابی ورد و درشتی تایبەتی بۆ دەکرێت، هەر لەو کاتەی ڕژێمی فاشستی دەستەڵاتی گرتووەتە دەست، چەند هەنگاوێکی تاوانکارییانەی بەرانبەر شاری بابەگوڕگوڕی خۆڕاگر گرتووەتە بەر، بایەخێکی زۆری داوەتە جێگیرکردنی گیانی ڕەگەزپەرستییەتی و نانەوەی ئاژاوە و ناکۆکی لە نێوان کورد و برا کەمایەتییەکانی شارەکەدا. کوردێکی زۆری لە شارەکە دەرکردووە، هاووڵاتی عەرەبی هێناوە و لە جێی ئەوانی دامەزراندووە. ئەمەش هەر بۆ سڕینەوەی ڕوخساری نەتەوایەتی و گۆڕینی مێژوو و جوگرافیای شارەکە. هەروەها چەند ناوچەیەکی گەورەی لە شارەکە دابڕیووە و خستوویەتییە پاڵ پارێزگاکانی تر. هەموو کەسێك مەبەستی ڕژێمی عەفلەقی لە تەعریبکردنی شارەکە دەزانێت، چونکە هاووڵاتیانی ئەو شارە، ماوەیەکی دوور و درێژە تووشی ڕاونان و دورخستنەوە و کردەوە ڕەگەزپەرستییەکانی بەعس بوونەتەوە، تەنانەت ئەمڕۆش، کە ئاشە خوێناوییەکەی قادسیەی سەدام دەگەڕێت، کەچی هێشتا بەردەوامن لەسەر تەعریبکردنی شارەکە، ئەوەی زیاتریش جێی سەرسوڕمانە، حکومەتی عێراق بە زۆر پیتاک لە خەڵکی شارەکە وەردەگرێ، لە دوایشدا بەسەر ئەو عارەبانەی دابەش دەکات، کە لە جنووبەوە دەیانهێنێتە کەرکووک" (جاف، 2002، ل147-148).

گوتارەکە درێژەی هەیە، لە زۆر لایەنەوە ئازار و مەینەتی و زووڵمی سەر دانیشتووانی شارەکە ڕووندەکاتەوە. پرسی کەرکووك و تەعریب تەنیا لە نێوەڕۆکی گوتارێکی سیاسیی ڕەنگنەداتەوە، بەڵکو وەک ئەندامانی دەستەی نووسەرانی ڕادیۆکە لە قۆناغە جیاوازەکان جەختی لێدەکەنەوە، پرسی کەرکووک و سیاسەتی ڕاگواستن و بە عەرەبکردن، ئەگەر ڕۆژانەش نەبووبێتە جێی باس و وروژاندن، هەفتەی چەند جارێک، پرسەکە بە گەرموگوڕی و بایەخەوە، خراوەتەڕوو.

## 2.5 ڕۆڵی ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە پاڵشتیکردنی شۆڕشی گوڵان

ڕادیۆی دەنگی کوردستان، لە سەردەمی شۆڕشی گوڵاندا، نەک تەنها هەواڵی چالاکی پێشمەرگەی بڵاوکردووەتەوە، بەڵکو هۆکارێکی گرنگ و بەرچاوی بەخشینی ورە و حەماسەتی شۆڕشگێڕانەی نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش بووە، سەکۆی کوردایەتی و مایەی سەبوورییەکی گەورە بووە بۆ پێشمەرگە، پاڵپشتییەکی باشی بەرەکانی بەرگریی کردووە. بەهۆی ئەو کاریگەریەشی، حکومەتی عێراق حیسابێکی زۆری بۆ کردووە (حەسەن، 7ی ئەیلوولی 2023).

لە نێو هەموو کەناڵەکانی دیکەی ڕاگەیاندن، بە تایبەت گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکانی شۆڕش، ڕادیۆ پشکی شێری بەرکەوتووە، پشتیوانیی شۆڕش و گەینەری پەیامی شۆڕش بووە بە خەڵکی کوردستان (کەریم، 6ی ئەیلوولی 2023)، بۆیەشە ڕۆڵێکی گەورەی لە بەرزکردنەوەی مۆراڵ و ورەی پێشمەرگە بینیوە، ئەم ڕۆڵ و کاریگەریەشی وایکردووە لە ڕۆژانی بەرایی کردنەوەی ڕادیۆ (سامی عەبدولڕەحمان) لە دۆڵە گۆستەی نزیکی سێکوچکەی سنووری (عێراق- ئێران- تورکیا) پەیامێك بۆ ستافی بەڕێوەبردنی ڕادیۆ بنێرێت و ڕۆڵی ڕادیۆ بەرز بنرخێنێ و بنووسێت: "ئێزگە نیوەی شۆڕشە" (کەریم، 6ی ئەیلوولی 2023)، هەروەها (سامی عەبدولڕەحمان) لە بیرەوەریەکانی خۆیدا دەنووسێت "پاش ئەوەی بە شێوەی قاچاخ ئێزگە لە سووریاوە گەیەندرایە کوردستان، هەمووومان لەگەڵ پێشمەرگەکان لە خۆشیاندا نەماندەزانی چی بکەین، چونکە دەمانزانی ئەم ئێزگەیە، دەنگی شۆڕشی گوڵان دەگەیەنێتە هەموو ماڵێکی کورد لە کوردستان و ڕۆحیەتییان بەرز دەکاتەوە (جاف، 2002، ل190). لە هەرێمی یەکیشەوە، (جەوهەر نامیق) باسی ڕۆڵ و کاریگەریی ڕادیۆ لە نێو پێشمەرگە و جەماوەری ناوچە سنوورییەکان دەکا و بە نامەیەك ئاگاداریان دەکاتەوە، کە ئێزگە لە زیندانی ئەبو غرێب وەرگیراوە. ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ڕۆڵ و کاریگەریی ئێزگەی دەنگی کوردستان لەو قۆناغە سەخت و چارەنووسسازەدا (کەریم، 6ی ئەیلوولی 2023).

بۆیە ڕۆڵی بەرچاوی ڕادیۆ لە پاڵپشتیکردنی شۆڕشی گوڵان، لە سەر هەموو ئاستەکاندا دیار بووە، کاریگەریەکەشی زۆر بە ڕوونی لەسەر ڕەوتی شۆڕش ڕەنگیداوەتەوە، هەروەک هەمیشە پێشەنگ بووە لە بڵاوکردنەوە و گەشەپێدانی هزری نەتەوەیی و

نیشتمانپەروەریی و هۆشیاری و ڕۆشنبیریی گشتی (حەسەن، 7ی ئەیلوولی 2023). لەم سۆنگەیەوە، ڕۆڵی کاریگەرانەی ئەو ئێزگەیە، هەم لە ڕووی بەرزکردنەوەی ورەی جەماوەر و هەمیش لە ڕووی بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگە و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی نیشتیمانی و نەتەوەیی هەمیشە دیار بووە (کاکەیی، 10ی ئەیلوولی 2023). هاوکات هاندەرێکی گرنگیش بووە بۆ هێزی پێشمەرگە، بە تایبەت هەواڵەکانی ئێزگە دەبوونە مایەی کێبرکێی هێز و مەفرەزە جیاجیاکان لە پێناو بڵاوکردنەوەی بروسکەکانی سەرکەوتن و پیرۆزبایی و سوپاسگوزاریی لە لایەن سەرکردایەتی شۆڕش (جاف، 2002، ل13).

لە سەرەتای کارکردنی، بە حزبی بەعس و حکومەتی عێراقی گوتووە، ئەوەتا شۆڕش دەستی پێکرایەوە، پێشمەرگە ئامادەیە و زووڵم و ستەم قبووڵ ناکات (کەریم، 6ی ئەیلوولی 2023)، ئەو گوتارە میدیاییەشی، کاریگەری و دەنگدانەوەی زۆری لە ڕۆژگاری خۆی هەبووە، هەروەک (وریا جاف)[25] بە گەڕانەوە بۆ گوتارێکی ڕۆژنامەی خەبات لە (ژمارە 585- تشرینی دووەمی 1988، نووسینی: سابیر ئەحمەد) جەخت لەو پرسە دەکاتەوە و دەنووسێت"ڕۆژنامەوان و نووسەرانی بیانی، گەلێک جار لە نووسینەکانی خۆیاندا باسی ڕۆڵی ئەو ئێزگەیەیان لە شۆڕشدا کردووە. دەزگای ئەنساتی ڕادیۆی لەندەن (BBC)یش، کە بەشێکی تایبەتی بۆ تۆماری بەرنامەی ئێزگە نهێنییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبووە، بایەخێکی زۆری بە بەرنامەکانی ڕادیۆی دەنگی کوردستان داوە، هەواڵ و ڕاپۆرت و بەیاننامە گرنگەکان، چ بە عەرەبی، یان کوردی و ئینگلیزی تۆمارکردوون و بڵاوکردوونەتەوە" (جاف، 2002، 196).

لە ژمارە (540)ی هەردوو مانگی ئایار و حوزەیرانی ساڵی 1980ی هەمان ڕۆژنامە، بە بۆنەی تێپەربوونی چوار ساڵ بەسەر هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵان، وتارێک بە ناونیشانی "دەنگی کوردستان.. دەنگی زوڵاڵی پێشمەرگە و هەموو نیشتمانپەروەرانی عێراقییە" بڵاوکراوەتەوە، کە تیایدا ڕۆڵی ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە پشتیوانی شۆڕش و گەیاندنی دەنگوباسی ڕۆژانە و بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگە و جەماوەری کوردستان بەرز دەنرخێنێ و دەنووسێت "لە 1978 ئێزگەی دەنگی کوردستانی عێراق لە شاخە بەرزەکانەوە، بانگەوازی زوڵاڵی ڕاپەڕین و ئازادی و مزگێنی قۆناغێکی نوێی لێدا. ئەمڕۆ گەلی کورد و گشت میللەتی عێراق، خاوەنی ئێزگەیەکی ڕێکوپێکە، کە پڕۆگرامەکانی لەسەر شەپۆلێکی کورت (49 مەتر) بە دوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاودەکاتەوە، ئێزگە زۆر بە فراوانی لە سەرتاسەری کوردستان و عێراقدا دەنگی داوەتەوە، زۆربەی خەڵکیش بە خۆشییەوە گوێی لێدەگرن.

گوتارەکەی خەبات درێژەی هەیە و تیایدا هاتووە "دەنگی کوردستانی عێراق، دەنگی پێشمەرگە نەبەزەکانی کوردستانە، دەنگی ڕەشوڕووتی بێ مافی کوردە، دەنگی ڕۆشنبیریی ئاوارەکراوی کوردە، دەنگی منداڵە خنجیلانەکانی کوردستانە، دەنگی گشت میللەتی عێراقە، بە کورد و عەرەب و کەمە نەتەوەییەکانەوە، دەنگی تەواوی هێزەکانی نیشتمانی و پێشکەوتنخوازیی کوردستان و عێراقە، دەنگی دیموکراسیی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینەیە بۆ کوردستان (جاف، 2002، ل149). ئەمەش نیشانەی ئەوەیە، ڕادیۆی دەنگی کوردستان، پێگە و ئامادەییەکی فراوانی لە ناوجەرگەی شۆڕش هەبووە "کاریگەرییەکی بەرچاو و گەورەشی هەبووە لە بڵاوکردنەوە و گەیاندنی دەنگی شۆڕش بە ناوەوە و دەرەوە" (بارزانی، 2021، ل123).

ڕادیۆی دەنگی کوردستان، سەرەڕای تەشویشی بەردەوام لە سەر پەخشەکەی و ئەو چاودێریە چڕەی حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی خەڵک گوێ لە بەرنامەکانی نەگرن و نەیکەنەوە، کەچی کاریگەرییەکی گەورەی لە نێو خەڵک هەبووە، حکومەت بەو هەموو ئیمکانیەت و میدیا زەبەلاحەی لەبەردەستی بووە، لە دەنگی کوردستان دەترسا، دەیزانی لەو ڕێگەیەوە خەڵکی کوردستان هۆشیار دەبنەوە و ڕۆڵی لە بەرزکردنەوەی ورەی پێشمەرگە و هۆشیاریی نەتەوەیی دەبێت، دەنگ و باسی شۆڕش و پێشمەرگە بە هەموو لایەکی دونیا بڵاو دەکاتەوە، هەر ئەم کاریگەریەش وایکردووە، لە هەموو دانوستانێکی نێوان سەرکردایەتیی شۆڕش و حکومەت، یەکەم خاڵ کە داوای دەکات، ڕاگرتنی پەخشی ڕادیۆی دەنگی کوردستان بێت (حەسەن، 7ی ئەیلوولی 2023).

ناکرێت ئەوەش فەرامۆش بکرێت، ڕادیۆی دەنگی کوردستان ڕۆڵێکی گرنگی بینیووە لە ڕاپەڕینی شارەکانی کوردستان لە ساڵی 1982 و ڕاپەڕینی قوتابیانی کوردستان لە ساڵی 1984، ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکیشی هەبووە لە هاندانی خەڵک لە ڕۆژانی ڕاپەڕینی ئاداری 1991 (جاف، 2002، ل138).

بۆ نموونە لە ڕاپۆرتێکی ئێزگەکە دوو ڕۆژ بەر لە ڕاگەیاندنی یەکجارەکیی سەرکەوتنی پێشمەرگە و جەماوەر بەرانبەر سوپای عێراق لە شاری کەرکووک (ئاداری 1991) بە ناونیشانی "مژدەی ڕزگارکردنی شارەکانی کوردستان- لە ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی ئازاری

1991 لە دەنگی کوردستانی عێراقەوە"[26] هاتووە "شەڕ لە کەرکووک لە ناوجەرگەی شاردا بە گەرمی بەردەوامە. ئێستا قارەمانەکانی کوردستان، لە جەماوەر و پێشمەرگەی مەرگبەزێن شەڕیان گەیاندووەتە ناو فرۆکەخانە، هەر چوار لای فەیلەقیان ئابڵووقە داوە و وزەیان لێ بڕیووە، لیوای دووی مەشات بە تەواوی گیراوە، دیل یەکجار زۆرە، هێزی پێشمەرگەی قارەمان بەرەو پێشەوە بروسکئاسا دەڕوات. قارەمانەکانی کوردستان وەک تیر، ڕێژنەی گولله دەبڕن و بەرەو سەرکەوتن دەڕۆن، دوژمنی ترسنۆک بە جارێک ورەی ڕووخاوە و لە ترسان کۆپتەرە بەزیووەکانی بۆ سەر هەندێک شوێن بەکار دەهێنێ، کوێرانە تۆپبارانی دەکات. بۆ پێشەوە ئەی مێرخاسەکانی کوردستان، بەرەو سەرکەوتنی یەکجارەکی، بەرەو ئازادکردنی کەرکووکی دڵی کوردستان".

چەند کاتژمێرێک بەر لە ئازادکردنی کەرکووک، لە ڕاپۆرتێکی دیکەی پەخشان ئامێزی ڕادیۆکەدا، هەواڵی نزیکبوونەوەی ئازادکردنی تەواوی شارەکە بە دەنگێکی حەماسی و هەستێکی پڕ جۆش دەخوێندرێتەوە[27] و دەڵێت "موژدەیەکی تری سەرکەوتن، هۆ هەڤاڵینە، ئەی نەمگوت دڵی کوڕانی ڕەشابای ئەزمەر داناکەوێ، تا بە تەواوەتی عەفلەقییەکان لە شاری گڕ ڕانەماڵێت. ئەی نەمگوت کوڕانی گەرمیان ڕاناوەستن تا جووتە شاخی کووڵە باڵەکانیان، لە چەشنی نیشانەی سەرکەوتن لەسەر قەڵاتی کەرکووک نەتەقێنن، ئەی نەمگوت خەڵکینە جامانە سوورەکان ئۆقرە ناگرن، تا بووکی کوردستان بە کراسی سەرگوڵ نەڕازێننەوە. ئەی نەمگوت ئاسکە پێشڕەوەکانی دەشتی هەولێر و ڕەشتاڵەکانی قەرەچۆغ پشوو نادەن، تا کرێوە هارەکە، ڕاویان نەنێن، دانامرکێن. دەستتان خۆش ئەی ڕۆڵە ئەمەکدارەکانی خوێنی شەهیدانی کوردستان، هەر بژین ئەی پێشمەرگە دلێرەکانی کوردستان، سڵاو بۆ ڕاپەڕینی جەماوەری بە شەرەفی کوردستان. سڵاو بۆ برای چەکداری شۆڕشگێڕ".

لە ئێوارەی ئازادکردنی کەرکووکیشدا، ڕادیۆکە مژدەی ئازادی و سەرکەوتنی یەکجارەکی پێشمەرگە لە کەرکووک ڕاگەیاند و بە حەماسەتێکی زۆرەوە دەڵێت "مژدە ئەی دایکی شەهیدان، مژدە ئەی بارزانی نەمر، دە جارێکی تر سەرکەوە سەر داڵنپەڕی سەرکەش و بە چاوی خۆت گڕی ئاگری نەورۆزی ئەمساڵ ببینە. دەستتان خۆش ئەی دەیان هەزار شۆڕەسواری کاروانی سوورخەڵات، مژدەی دایکی هەموو سەرکەوتنەکانتان لێبێت. ئەی لەو مژدە خۆشە، شاری کەرکووکی خۆشەویست، بە تەواوتی سەری لە تەمووژی سیستەمی عەفلەقی دەرهێنا و ئێستا هەوای ئازادیی هەڵدەمژێت، کەرکووک بە هەموو شوێنەکانییەوە، کەوتە دەستی پێشمەرگە" (جاف، 2002، ل152).

ئەمە دەرخەری ئەوەیە ئێزگەی دەنگی کوردستان، لە ڕۆژانی ڕاپەڕینی ئاداری 1991 بەردەوام هانی جەماوەری کوردستان و پێشمەرگەی داوە بۆ سەرکەوتنی پلانی ڕاپەڕین و بەرزکردنەوەی ورەی خەڵک و هاندانیان بۆ بە ئامانج گەیشتنی بەرنامەی ڕاپەڕین.

هەروەها بە درێژایی قۆناغی شۆڕشی گوڵان، پشتیوانێکی بەهێزی شۆڕش بووە، وەک ئەوەی چۆن لە مێژووی دوورتری ڕادیۆکەشدا، لە شۆڕشی ئەیلوول، ئەو ڕۆڵە کاریگەرەی هەر هەبووە، بەمەش وەک ئێزگەیەکی مێژوویی خاوەن ئەزموونی میدیایی شۆڕش و ڕاپەڕین و بەرگریی لە دۆزی گەلی کوردستان ماوەتەوە، تا هەنووکەش لەسەر ئەو ڕێباز و ستراتیژیەتە درێژە بە کاروانی ڕۆژنامەوانیی خۆی دەدات، بەڵام بە نێوەڕۆک و شێوازێکی جیاوز لە شێوازی قۆناغی شۆڕش و خەباتی سەردەمی شاخ.

### 6. دەرئەنجام:

1. ڕادیۆی دەنگی کوردستان سەرەڕای سادەیی لە ڕووی تەکنیک و توانای مرۆیی و زەحمەتی بەدەستهێنانی سەرچاوەی زانیاری، بەڵام ڕۆڵێکی دیاری لە کۆکردنەوەی جەماوەر بە دەوری ئامانجەکانی شۆڕشی گوڵان و هاندانی ڕۆڵەکانی گەلی کوردستان بۆ تەڤلیبوون و پشتیوانیکردن لە شۆڕش هەبووە.
2. ڕادیۆی دەنگی کوردستان ڕۆڵێکی کاریگەری بینیووە لە بەرزکردنەوەی ئاستیی هۆشیاری و ڕۆشنبیریی شۆڕشگێریی لە نێو جەماوەری کوردستان و چەسپاندنی بەها و پرنسیپی نیشتیمانی و پتەوکردنی ڕیزەکانی پێشمەرگە و بەرزکردنەوەی ورە و گیانفیدایی لە نێویاندا.
3. ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە ئاستی خۆی، بەرپەرچی پروپاگەندە و شەڕی دەروونی و میدیایی لایەنی نەیاری لە ساڵانی تەمەنی شۆڕشی گوڵان داوەتەوە.

4. ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە ڕێی بەرنامەکانی بە زمانەکانی (عەرەبی، ئینگلیزی، سریانی و تورکمانی هتد..) ڕۆڵی هەبووە لە گواستنەوەی دەنگی شۆڕشی گوڵان و ناساندنی بە دونیای دەرەوە و بەدەستهێنانی هاوسۆزیی نەتەوەکانی دیکە بۆ شۆڕش و کێشەی کورد.
5. ڕادیۆی دەنگی کوردستان ڕەچاوی تایبەتمەندی تەواوی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی کوردستان و عێراقی کردووە، هەوڵی داوە لە ڕێگەی دەنگوباس و پەیام و بەرنامەکانی، بڵندگۆی هەمووان بێ، شۆڕشیش تەنیا بە شۆڕشی کورد نەناسێنێ و بە شۆڕشی تەواوی پێکهاتەکانی وێنا بکات.
6. ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە زنجیربەندی ڕادیۆیەکان، وەک یەکەمین ڕادیۆی نهێنیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنرێت، دووەمین ڕادیۆی ئازادیشە، دوای ڕادیۆی کۆماری کوردستان (مەهاباد) لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی بیستراویی کورددا.
7. لە کاتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان، ڕادیۆی دەنگی کوردستان بووەتە دەنگی ڕاستەقینەی شۆڕش، کوردستانیان لە سەرتاسەریی نیشتمان چاوەڕێی ئەوە بووەنە لە ڕێی ڕادیۆ مژدەی سەرکەوتنی پێشمەرگە و هەواڵی شۆڕش ببیستن.
8. ڕادیۆی دەنگی کوردستان لە قۆناغی شۆڕش، زیاتر بە مۆرک و نێوەرۆکێکی شۆڕشگێریی و میدیای بەرەنگاریی کاری کردووە، بۆیە کەمتر ڕەچاوی لایەنی بابەتیبوون و بنەما پیشەییەکانی کاری ڕۆژنامەوانیی کردووە.

## 7. پەراوێزەکان

[1] فايزة بكار (2017) دور إذاعة الجزائر الحرة المكافحة في الثورة التحريرية الجزائرية، رسالة ماجستير منشورة، الجزائر، جامعة عمار ثليجي كلية العلوم الاجتماعية، مجلة العلوم الاجتماعية، مج 2017، ع 23 (31 آذار2017)، ص 73-88.

[2] الصادق دهاش (2022) دور الإعلام الثوري في الثورة الجزائرية (إذاعة صوت الجزائر الحرة)، الجزائر، جامعة البليدة 2 لونيسي علي، مجلة الدراسات التاريخية العسكرية، مج 4، ع 2 (24 تموز 2022)، ص55-71.

[3] ڕادیۆی کۆماری کوردستان، لە 10ی نیسانی ساڵی 1946 لە مەهابادی پایەتەختی کۆماری کوردستان بە یارمەتی حکومەتی سۆڤیەتی دامەزراوە. لە لایەن خەڵک و بەرپرسانی کۆمار پێشوازییەکی گەرمی لێکراوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: میخایلۆڤ، سێرگیی و مەغدید سەپان (2020) پەخشی ڕادیۆی کوردی، هەولێر، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ماد، چاپی یەکەم، ل54.

[4] شۆڕشی ئەیلوول، لە 11ی ئەیلوولی 1961 وەک درێژترین شۆڕش لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفا بارزانی دژی حکومەتی کۆماری عێراق هەڵگیرسا. شۆڕش تاکو ساڵی 1975 بەردەوام بوو. لە ساڵانی شۆڕشدا، ٨٠٪ی سوپای عێراق لە شەڕی دژ بەو شۆڕشە بەشدار بووە. بە هۆی هێز و کاریگەریی شۆڕش و پاش زنجیرەیەک دانوستانی عێراق و سەرکردایەتی شۆڕش، ڕێککەوتننامەی 11ی ئاداری1970 لە نێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی شۆڕشی بەدواداهات، کە بەهۆیەوە حکومەتی عێراق دانی نا بە مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە باشووری کوردستان. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: حەمەشەریف، هاوکار کەریم، شۆڕشی ئەیلوول "لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە ڕێکخستن و چالاکییە سەربازییەکان (1961-1970)" (2012) هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، چاپی یەکەم.

[5] مارکۆنی لە 25ی نیسانی 1874 لە ئیتاڵیا لە دایکبووە. لە ماڵی خۆی فێری خوێندەواریی بووە، بەشداری کردووە لە دۆزینەوەی شەپۆلەکانی وزە موگناتیسییەکان. داهێنەری ڕادیۆ و شەپۆلەکانی لاسلکییە، کاتێک تەمەنی 20 ساڵان بووە، تاقیکردنەوەکانی هێنریش هێرتسی خوێندۆتەوە، کە سەلماندویەتی شەپۆلی وزەی موگناتیسی نەبینراو هەیە و بەخێرایی تیشک، لە هەوادا دەجوڵێتەوە. مارکۆنی دڵنیابووە لەوەی دەکرێت ئەم شەپۆلانە لە ناردنی دەنگدا بۆ مەودایەکی دوور و درێژ بە بێ وایەر بەکار بهێنرێت. لە ڕێگەی ئەم شەپۆلانەوە، نامە ئاڕاستەی کەشتییەکانی ناو زەریا بکرێت. ساڵی 1895 توانیویەتی نامەی لاسلکی بۆ زەریاکان بنێرێت.

يەكەم ئامێری پێشوازيكردنی ڕاديۆی لاسلكی و وێستگەيەكی لاسلكی دروست كردووە. گرنگی ئەم داهێنانەی ماركۆنی ساڵی 1909 زياتر دەركەوتووە، كاتێک كەشتی فيكتۆريا ژێرئاو كەوتووە، لە ڕێگەی نامەی لاسلكييەوە ژمارەيەک لەسەرنشينی كەشتيەكە ڕزگاركراون. هەمان ساڵ خەڵاتی نۆبڵی بەدەستهێناوە. لە 20ی يۆليۆی ساڵی 1937 لە تەمەنی 63 ساڵيدا، كۆچی دوايی كردووە. بۆ زنياری زياتر بڕوانە:

RABOY, M. (2016) *MARCONI The Man Who Networked the World*, OXFORD UNIVERSITY PRESS, Available at: https://rb.gy/v8bmp (Accessed: 20 September 2023).

(6) چەمی ڕێزان، لە ئاوازی حوسێن قاسمە.

(7) پێشمەرگەی بە هەڵمەتين، لە دانان و ئاوازی هونەرمەند خالد دلێرە (1933-2011).

(8) ئەی ڕەقيب، شيعری شاعيری ناسراوی كورد يونس ڕەئوف "دڵدارە" (1918-1948).

(9) دكتۆر مەجيد جەعفەر (نووسەر و سياسەتمەدار) پێشمەرگەی شۆڕشی ئەيلوول و گوڵان بووە. يەكێک بووە لە دامەزرێنەر و ئەندامانی مەكتەبی سياسی پارتی ديموكراتی گەلی كوردستان.

(10) دكتۆر حەميد ئاكرەيی، لە سەردەمی شۆڕشی ئەيلوولدا، وەک كادير و پێشمەرگە دەورێكی دياری لە دەڤەری ئاكرێ و شێخان هەبووە. لە دوای نسكۆی شۆڕش، ڕووی كردووەتە دەرەوەی وڵات، دكتۆرای ئەلكترۆنياتی لە بەلجيكا بەدەستهێناوە. لە شۆڕشی گوڵانيشدا، وەک ئەندازيار و كاديری تەكنيكی گەياندن و ئيداريی، ڕۆڵی لە دامەزراندنەوە و بەڕێوەبردنی ڕاديۆی دەنگی كوردستان هەبووە. دوای ڕاپەڕينيش وەزيری گواستنەوە و گەياندنی حكومەتی هەرێمی كوردستان بووە. هەروەها يەكێک بووە لە دامەزرێنەرانی كۆمپانياى كۆڕەک تيليكۆم. لە 22ی شوباتی 2020 لە وڵاتی نەمسا كۆچی دوايی كردووە.

(11) شەماڵ حەوێزی، ناوی تەواوی (ئەمجەد ئەرشەد عەبدولوەهاب حەوێزی)يە، ساڵی 1954لە شاری كۆيە لە دايكبووە. بەكالۆريۆسی لە كشتوكاڵ وەرگرتووە. ماستەری لە زانكۆی سەڵاحەددين (2002) بەدەستهێناوە. هەڵگری بڕوانامەی دكتۆرايە لە زانستی كشتوكاڵ، زانكۆی نيترا/ سلۆڤاكيا (2009). بە درێژايی ساڵانی (1978-1991) پێشمەرگە بووە. نووسەر و بێژەر و تەكنيككار بووە لە ڕاديۆی دەنگی كوردستان (1978-1979). نووسەری ئێزگەی دەنگی گەلی عێراق (1987-1988) و نووسەری ڕۆژنامەی ڕێگای كوردستان (1988-1989) بووە. ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی بەرەی كوردستانی (1989-1991) و ڕاديۆی دەنگی بەرەی كوردستانی عێراق (1990-1991) بووە. ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی برايەتی (1993-2001) و نەقيبی سەنديكای ئەندازيارە كشتوكاڵييەكانی كوردستان (1997-2004) بووە (حەوێزی، 6ی ئەيلوولی 2023).

(12) ئاسۆ كەريم، ناوی تەواوی (بەكر كەريم محەمەد ساڵح)ە، لە دايكبووی ساڵی 1954 گوندی قوشاغلووی سەر بە ناحيەی قوشتەپەی پارێزگای هەولێرە. دەرچووی كۆلێژی ئەندازياری/ زانكۆی بەغدايە 1977. ماستەر لە ياسا 2004. بێژەر و ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕاديۆی دەنگی كوردستان (1978-1979). 26 كتێب و ناميلكەی لە كاتی پێشمەرگايەتی لە شاخ و دوای ڕاپەڕينی ئاداری 1991 لە بواری سياسی و ياسايی چاپ و بڵاوكردوونەتەوە. ئێستا ئەندامی دەستەی كارگێڕی ئەنجوومەنی باڵای تێكۆشەرانی پارتی ديموكراتی كوردستانە (كەريم، 6ی ئەيلوولی 2023).

(13) سامی عەبدولڕەحمان، ناوی تەواوی (محەمەد مەحموود عەبدولڕەحمان)ە، ساڵی 1933 لە شنگاڵ لە دايكبووە. ساڵی 1957 ماستەری لە ئەندازياری كارەبا لە زانكۆی مانچستەر وەرگرتووە. ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئێزگەی دەنگی كوردستان و ڕۆژنامەی خەبات و دواتريش بەڕێوەبەری ڕاديۆی دەنگی كوردستان (1965) بووە. ساڵی 1966 بووەتە ئەندامی ئەنجوومەنی سەركردايەتی شۆڕشی كوردستان، لە هەر دوو كۆنگرەی حەوتەم 1966 و هەشتەم 1970ی پارتيدا، بە ئەندامی كۆميتەی ناوەندی و دواتر بە ئەندامی مەكتەبی سياسی هەڵبژێردراوە. لە 29ی ئاداری 1970 لە كابينەی (ئەحمەد حەسەن بەكر) بووەتە وەزيری كاروباری باكوور. ساڵی 1975 ئەندامی سەركردايەتی كاتيی پارتی بووە. ساڵی 1979 لە ڕيزەكانی پارتی چووەتە دەرەوە، ساڵی 1981 پارتی گەلی ديموكراتی كوردستانی دامەزراندووە، ساڵی 1993 گەڕاوەتەوە نێو پارتی و بووەتە ئەندامی مەكتەبی سياسی، لە 1ی شوباتی 2004 لە

كردەوەیەكی تیرۆریستی لە ناو بارەگای لقی دووی پارتی لە شاری هەولێر شەهید كراوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ماڵپەڕی پارتی پیدیا/ ئینسكلۆپیدیای پارتی دیموكراتی كوردستان (ڕێكەوتی سەردان: 21ی تشرینی یەكەم 2023): https://ln.run/qCMG3

[14] جەوهەر نامیق سالم، ساڵی 1946 لە ناوچەی بەرلووتی سەر بە شارۆچكەی كەلار دایكبووە. دەرچووی زانكۆی موستەنسریەی كۆلێژی ئابووری بەشی زانستە ئابوورییەكانە. ساڵی 1975 بووەتە ئەندامی سەركردایەتی كاتی، هاوكات بەرپرسی هەرێمی یەكی پارتەكەی بووە، چەندین ساڵ ئەندامی مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان بووە. لە ساڵی 1992 بە یەكەمین سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان هەڵبژێردراوە. چەندین كتێب و لێكۆڵینەوەی فیكری و سیاسی و ئابووری نووسیووە. ڕۆژی21ی ئاداری 2011 كۆچی دوایی كردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ماڵپەڕی پارتی پیدیا/ ئینسكلۆپیدیای پارتی دیموكراتی كوردستان (ڕێكەوتی سەردان: 21ی تشرینی یەكەم 2023): https://ln.run/dnXGP

[15] عەبدولڕەحمان پێداویی، ناوی تەواوی (عەبدولڕەحمان عوسمان فەتاح)ە. ساڵی 1946 لە شاری دهۆك لە دایكبووە. ساڵی 1970 پەیوەندی بە كۆلێژی سەربازی بەغداوە كردووە، لە 1972 بە پلەی مولازمی دووەم لە كۆلێژی سەربازی ڕۆستەمییەی بەغدا دەرچووە. ساڵی 1972 پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە كردووە، فەرماندەی بەتالیۆن بووە لە هێزەكانی قەرەداغ و كەركووك. ساڵی 1976 بووەتە ئەندامی سەركردایەتی كاتیی پارتی دیموكراتی كوردستان، ساڵی 1991 بووەتە بەرپرسی لیژنەی ناوچەی هۆڵەندای پارتی. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ماڵپەڕی پارتی پیدیا/ ئینسكلۆپیدیای پارتی دیموكراتی كوردستان (ڕێكەوتی سەردان: 21ی تشرینی یەكەم 2023): https://ln.run/xfG6G.

[16] قادر حەسەن قادر، لە دایكبووی دیانا 1952. دەرچووی ئامادەیی. پێشمەرگەی شۆڕشی گوڵان و بێژەر و نووسەری ڕادیۆی دەنگی كوردستان (1980-1991) بووە. كارگێڕی لقی10ی پارتی دیموكراتی كوردستان و ئەندامی خولی سێیەمی پەرلەمانی كوردستان بووە (حەسەن، 7ی ئەیلوولی 2023).

[17] سیامەند بەننا، لە ساڵی 1945 لە شاری كۆیە لە دایكبووە، لە بەغدا قۆناغی سەرەتایی دەخوێنێ و لە سەرەتای ساڵانی شەست دەچێتە لەندەن بۆ خوێندن و دەبێتە ئەندامی كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد، چەندین جار سەردانی كوردستان دەكاتەوە و دەبێتە پێشمەرگە. لە دوای ساڵی 1975 پەیوەندی بە سەركردایەتی كاتی دەكات، ماوەیەک بەڕێوەبەری ڕادیۆی دەنگی كوردستان (1977) دەبێت. دوای ڕووخانی حزبی بەعس (2003) دەبێتە سەفیری عێراق لە هۆڵەندا، ئێستا لە لەندەن دەژیت. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: كاوە ئەمین (29ی حوزەیرانی 2023) سیامەند بەننا.. پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و باڵیۆزی پێشووی عێراق لە هۆڵەندا، ماڵپەڕی ڕووداو (ڕێكەوتی سەردان: 20ی تشرینی یەكەم 2023): https://ln.run/qFVgp .

[18] فەلەكەدین كاكەیی، ناوی تەواوی (فەلەكەدین سابیر حەمود عەزیز)ە، لە دایكبووی 1943ی شاری كەركووكە. لە كۆنگرەكانی نۆیەم (1979) و دەیەم (1989) بە ئەندامی كۆمیتەی ناوەندی پارتی هەڵبژێردراوە. ساڵی 1985 بووتە ئەندامی مەكتەبی سیاسی پارتی. ساڵی 1992 بووەتە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستان و لە دوو كابینەی حكومەتی هەرێمی كوردستان وەزیری ڕۆشنبیری بووە. سەرنووسەری گۆڤاری (بانگ)ی كۆمەڵەی نووسەرانی كوردستان (1989) و سەرنووسەری خولی سێیەمی ڕۆژنامەی (التآخي) (2003-2005) بووە. گۆشە و وتاری سیاسی و فیكریی بۆ چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری ناوخۆ و دەرەوە نووسیووە. چەندین پەرتووكی لە بواری جیاواز بڵاوكردۆتەوە. ڕۆژی 31ی تەممووزی 2013 كۆچی دوایی كردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ماڵپەڕی پارتی پیدیا/ ئینسكلۆپیدیای پارتی دیموكراتی كوردستان (ڕێكەوتی سەردان: 17ی تشرینی یەكەم 2023): https://ln.run/mm8Ms.

[19] هۆشیار مەحموود زێباری، لە دایكبووی 2ی كانوونی یەكەمی 1953 ئاكرێیە. بڕوانامەی زانستە سیاسییەكانی لە زانكۆی ئەردەن لە عەممان (1976) وەرگرتووە، هەڵگری بڕوانامەی ماستەرە لە كۆمەڵناسی. لە هەردوو خولی هەڵبژاردنەكانی عێراق لە 2006 و 2010 وەزیری دەرەوە و لە 8ی ئەیلوولی 2014 تاكو 21ی ئەیلوولی 2016یش وەزیری دارایی عێراق بووە. ئەندامی مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستانە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ماڵپەڕی پارتی پیدیا/ ئینسكلۆپیدیای پارتی دیموكراتی كوردستان، ژیاننامەی هۆشیار زێباری (ڕێكەوتی سەردان: 21ی تشرینی یەكەم 2023): https://ln.run/m2qo2.

[20] عەلی عەبدوڵڵا ئەمین، ساڵی 1926 لە کۆیە لە دایکبووە، دەرچووی بەشی بیناسازی کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی بەغدا (1943)یە. یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی میللەت (1944)، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شۆڕش (1946) و هەروەها یەکێک لە دامەزرێنەران و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی بووە. سەرنووسەری ڕۆژنامەی برایەتی و خاوەنی ئیمتیازی خولی دووەمی ڕۆژنامەی خەبات 1970 بووە. پارێزگاری سلێمانی (1974) و جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان (1993-1999) بووە. لە 24ی ئۆکتۆبەری 2017 کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ماڵپەڕی پارتی پیدیا/ ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان (ڕێکەوتی سەردان: 15ی تشرینی یەکەم 2023): https://ln.run/4_mry.

[21] فەهمی کاکەیی، ساڵی 1951 لە کەرکوک لە دایکبووە. ساڵی 1970 پەیمانگەی مامۆستایانی تەواو کردووە. ساڵی 1969 دەستی کردووە بە نووسین. لە بواری شانۆدا، وەک ئەکتەر کاری کردووە، چەندین زنجیرە درامای بۆ ڕادیۆی کوردیی بەغدا نووسیووە. بەشداریی شۆڕشی ئەیلوولی کردووە، مامۆستای شۆڕش بووە. ساڵی 1982 بەشداریی شۆڕشی گوڵانی کردووە، کارگێڕی لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، بۆ ماوەیەکیش لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان ئەندامی دەستەی نووسەران و ئامادەکار و پێشکەشکاری بەرنامەی کاروانی شەهیدان بووە. لە ساڵی 1987ەوە نیشتەجێی سویدە، وانەی زمانی کوردی دەڵێتەوە، شیعر و چیرۆک و شانۆگەریی و پەرتووکی خوێندنگەی بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و سویدی نووسیووە (کاکەیی، 10ی ئەیلوولی 2023).

[22] یەکێک لەو ڕێوشوێنانەی گیراوەتەبەر، بڵاوکردنەوەی گۆرانییەکی ئینگلیزیی بووە بەهەمان شەپۆل، گۆرانییەکی بەژاوەژاو بووە، وشەی (هانی)تێدا دووبارە کراوەتەوە. ئێستا لە قامووسی کوردیدا، ئەم وشەیە لە بەرامبەر (تشویش)ی عەرەبی بەکاردەهێنرێ و جێی خۆی گرتووە. بەڕادەی ئەوەی، کەسێک کە داوا لە کەسێک بکات تەشویش نەخاتەسەر قسەکانی، پێی دەڵێت: توخوا (هانی هانی) مەخەرە سەر قسەکانم. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (سورمێ، 2020، ل29).

[23] ڕۆژی 10ی ئاياری 1974 لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان خوێندراوەتەوە.

[24] ڕۆژی 27ی ئابی 1982 لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان خوێندراوەتەوە.

[25] وریا جاف (نووسەر و ڕۆژنامەنووس) ساڵی 1957 لە شاری کەرکووک لە دایکبووە. بێژەری بەشی کوردی ڕادیۆی دەنگی ئەمەریکا و بەڕێوەبەری ڕادیۆی دەنگی کوردستان (2002) و کارگێڕی لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە،چەندین کتێبی چاپکراوی هەیە. ڕۆژی 2022/10/15 کۆچی دوایی کردووە.

[26] ڕۆژی 18ی ئاداری 1991 لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان خوێندراوەتەوە (جاف، 2002، ل150).

[27] ڕۆژی 20ی ئاداری 1991 لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان خوێندراوەتەوە (جاف، 2002، ل152).

## 8. سەرچاوەکان

**یەکەم: کتێب:**

**أ. (بە زمانی کوردی)**

_ بارزانی، مەسعود (2020) بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (شۆڕشی ئەیلوول) (بەرگی سێیەم، بەشی دووەم) هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

_ بارزانی، مەسعود (2021) بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد (شۆڕشی گوڵان) (بەرگی چوارەم، بەشی یەکەم، بەشی دووەم) هەولێر، چاپخانەی ڕۆکسانا، چاپی یەکەم.

_ جاف، وریا (2002) مێژووی دەنگی کوردستانی عێراق، دهۆک، چاپخانەی خەبات، چاپی یەکەم.

_ جەلال، سامان (2018) هونەرەکانی ڕۆژنامەوانی، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم.

_ حەمەشەریف، هاوکار کەریم، شۆڕشی ئەیلوول "لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لە ڕێکخستن و چالاکییە سەربازییەکان (1961-1970)" (2012) هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، چاپی یەکەم.

_ ردێنی، وەسفی حەسەن (2005) ئێزگە و تەلەفزیۆنێت کوردی، دهۆک، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم.

_ ساڵح، ئازاد عوبێد (2007) کاریگەریی شۆڕشی ئەیلول لەسەر پێشخستنی ڕۆژنامەوانی کوردی لە باشووری کوردستاندا 1961-1975، هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم.

_ سورمێ، نەژاد عەزیز (2020) میدیای کوردی لە بازنەی گەمەکانی سیاسەتدا، هەولێر، چاپی یەکەم.

_ سەپان، مەغدید (2019) گوتارە تەمەن درێژەکان، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم.

_ عوسمان، سالار (2013) دەنگی کوردستان نیو سەدە پەخش، هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم.

_ محەمەد، کەمال ڕەئووف (2014) مێژووی ڕادیۆی کوردیی بەغدا (1939- 1958)، بەرگی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆشنبیریی.

_ میخایلۆڤ، سێرگیی و مەغدید سەپان (2020) پەخشی ڕادیۆی کوردی، هەولێر، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ماد، چاپی یەکەم.

**ب. (بە زمانی عەرەبی)**

_ إسماعیل، محمود حسن (2011) مناهج البحث الاعلامي، القاهرة، دار الفكر العربي.

_ إمام، إبراهيم (1985) الإعلام الإذاعي والتلفزيوني، دار الفكر العربي.

_ جرجس، ميلاد ألفي (2020) الإذاعة والتلفزيون كظاهرة عالمية، الأردن، دار غيداء للنشر والتوزيع.

_ راضي، وسام فاضل (2013) الإعلام الإذاعي والتلفيوني الدولي، بغداد، دار ومكتبة عدنان.

_ الصباغ، بسام (2000) الدعوة والدعاة بين الواقع والهدف، دمشق، دار الإيمان.

_ المنجد الأبجدي (1987) بيروت، دار المشرق، طبعة الخامس.

**دووەم: توێژینەوە:**

**أ. (بە زمانی کوردی)**

_ محەمەدەمین، فاروق محەمەد & مەحموود، ئیدریس محەمەد (11-12ی ئەیلوولی2021) شۆڕشی ئەیلوول لە ململانێی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا (1961-1975) دهۆک، سییەمین کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتی، سەنتەری بێشکچی بۆ لێکۆڵینەوەی مرۆڤایەتی، ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان.

**ب. (بە زمانی عەرەبی)**

_ بكار، فايزة (2017) دور إذاعة الجزائر الحرة المكافحة في الثورة التحريرية الجزائرية، رسالة ماجستير منشورة، الجزائر، جامعة عمار ثليجي كلية العلوم الاجتماعية، مجلة العلوم الاجتماعية، مج 2017، ع 23 (31 مارس/ آذار 2017)، ص. 73-88.

_ دهاش، الصادق (2022) دور الإعلام الثوري في الثورة الجزائرية (إذاعة صوت الجزائر الحرة)، الجزائر، جامعة البليدة 2 لونيسي علي، مجلة الدراسات التاريخية العسكرية، مج 4، ع 2 (24 تموز 2022)، ص55-71.

**سێیەم: ڕۆژنامە:**

_ فاتیح، شەنای (2022) لە یادی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیدا داوای پاڵپشتی بۆ میدیاکاران دەکرێت، ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ژمارە 1965، چوارشەمە 22ی نیسانی 2022، ل10. لەسەر ماڵپەڕی هاوڵاتی: (ڕێکەوتی سەردان: 28ی ئەیلوولی 2023): https://rb.gy/y2o7ev.

**چوارەم: پێگە ئەلیکترۆنییەکان:**

**أ. (بە زمانی کوردی)**

_ ئەمین، کاوە (29ی حوزەیرانی 2023) *سیامەند بەننا.. پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و باڵیۆزی پێشووی عێراق لە هۆڵەندا*، ماڵپەڕی ڕووداو (ڕێکەوتی سەردان: 20ی تشرینی یەکەم 2023): https://ln.run/qFVgp

_ سەپان، مەغدید، *دوو دەنگی زوڵاڵی کورد لە شاخ (ڕادیۆ) 11ی تەمووزی 2017* (ڕۆژی سەردان: 14ی ئەیلوولی 2023): https://ln.run/YG6cA

_ ماڵپەڕی پارتی پیدیا/ ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، *ژیاننامەی جەوهەر نامق* (ڕێکەوتی سەردان: 21ی تشرینی یەکەم 2023): https://ln.run/dnXGP

_ ماڵپەڕی پارتی پیدیا/ ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، *ژیاننامەی سامی عەبدولڕەحمان* (ڕێکەوتی سەردان: 21ی تشرینی یەکەم 2023): https://ln.run/qCMG3

_ ماڵپەڕی پارتی پیدیا/ ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، *ژیاننامەی عەبدولڕەحمان پێداویی* (ڕێکەوتی سەردان: 21ی تشرینی یەکەم 2023): https://ln.run/xfG6G

_ ماڵپەڕی پارتی پیدیا/ ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، *ژیاننامەی هۆشیار زێباری* (ڕێکەوتی سەردان: 21ی تشرینی یەکەم 2023): https://ln.run/m2qo2

_ ماڵپەڕی پارتی پیدیا/ ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، *ژیاننامەی عەلی عەبدوڵڵا ئەمین* (ڕێکەوتی سەردان: 15ی تشرینی یەکەم 2023): https://ln.run/4_mry

_ ماڵپەڕی پارتی پیدیا/ ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، *ژیاننامەی فەلەکەدین کاکەیی* (ڕێکەوتی سەردان: 17ی تشرینی یەکەم 2023): https://ln.run/mm8Ms

**ب. (بە ئینگلیزی)**

- RABOY, M. (2016) *MARCONI The Man Who Networked the World*, OXFORD UNIVERSITY PRESS, Available at: https://rb.gy/v8bmp (Accessed: 20 September 2023).
- Kuyucu, Mihalis (Michael) (2019)*The History Evolution of Radio in The World on its Digital Journay*, Academic Studiea in Social Human and Administrative Sciences, Istinye Universitesi, Available at: https://rb.gy/n4q63 (Accessed: 18 September 2023).

**پێنجەم: هەڤپەیڤین:**

_ بەننا، سیامەند (بەڕێوەبەری ڕادیۆی دەنگی کوردستا1978-1979) دیمانەی تایبەتی توێژەران (11ی ئەیلوولی2023).

_ حەسەن، قادر (بێژەری ڕادیۆی دەنگی کوردستان 1980-1990) دیمانەی تایبەتی توێژەران (7ی ئەیلوولی 2023).

_ حەوێزی، شەماڵ (نووسەر، بێژەر و تەکنیکاری ڕادیۆی دەنگی کوردستان 1978-1979) دیمانەی تایبەتی توێژەران (6ی ئەیلوولی 2023).

_ کاکەیی، فەهمی (نووسەر بێژەری ڕادیۆی دەنگی کوردستان 1983) دیمانەی تایبەتی توێژەران (10ی ئەیلوولی 2023).

_ کەریم، ئاسۆ (نووسەر و بێژەر ڕادیۆی دەنگی کوردستان 1978-1979) دیمانەی تایبەتی توێژەران (6ی ئەیلوولی 2023).

_ مایی، مەحفوز (بێژەری ڕادیۆی دەنگی کوردستان 1983-1986) دیمانەی تایبەتی توێژەران (12ی ئەیلوولی 2023).

**شەشەم: دیمانەی تەلەڤزیۆنی:**

_ عەلی، عەبدولڕەزاق (بەڕیوەبەری گشتی ڕادیۆی دەنگی کوردستان). دیمانەی سەتەلایتی کوردستان لە 2023/9/28 (مێژووی سەردان: 2023/9/29):_ https://rb.gy/kkpu8

# دور راديو دەنگی کوردستان في دعم ثورة گوڵان
## (دراسة تاريخية تحليلية)

**سيروان محمود رشيد**
كلية التقنية سوران، جامعة أربيل التقنية- اربيل، اقليم كوردستان- العراق
Sirwan.Mahmood@epuedu.iq

**محمد كريم سعيد**
قسم الاعلام، كلية الاداب، جامعة صلا الدين- اربيل
mehemedkerim@gmail.com

**ملخص**

الهدف الرئيسي لهذه الدراسة، ومن خلال عنوانها "دور راديو دەنگی کوردستان في دعم ثورة گوڵان"، هو تحديد الدور الذي قام به إذاعة صوت كوردستان (راديو دەنگی کوردستان) خلال ثورة گوڵان (1976-1991) في دعم الثورة وتشجيع جماهير كوردستان على الدفاع عن وطنهم وترابه. الراديو، كوسيلة إعلامية، بشكل عام، قام بتوعية الناس في مجموعة واسعة من المجالات على الصعيدين الوطني والدولي. وعلى الرغم من توفر العديد من وسائل الإعلام في الوقت الحاضر، إلا أن الإعلام اتجه نحو عصر جديد. ومع ذلك، ما زال للراديو دوره وتأثيره الخاص به، ويوجد الآن آلاف المحطات الإذاعية التي تقدم خدمات إعلامية بأساليب متنوعة.

تاريخيًا، بالإضافة إلى دور الراديو في بث البرامج الفنية والأغاني والموسيقى والقصص والدراما الإذاعية، كان للراديو تأثير آخر من خلال بث نشرات الأخبار ومتابعة الحروب والصراعات السياسية. من خلال هذه الزاوية، تدرس هذه الدراسة المعنونة "راديو دەنگی کوردستان في دعم ثورة گوڵان" دور إذاعة صوت كوردستان ومدى دعمها للثورة والحركة التحررية لشعب كوردستان في تلك المرحلة المصيرية والمليئة بالأحداث. لأنها عملت أمام عدد من المؤسسات الإعلامية بقدرات بشرية ومادية غير محدودة. ومن محتويات الدراسة التعرف على جهود الإذاعة في كيفية إدارة نفسها ومنافستها لوسائل الإعلام التي كانت تتألف من مئات المؤسسات الإعلامية التابعة للحكومة العراقية آنذاك.

**الكلمات المفتاحية:** دور، راديو، دەنگی کوردستان، ثورة كولان (گوڵان).

# The Role of Voice of Kurdistan Radio in Supporting the Gullan Revolution
## (An Analytical Historical Study)

**Sirwan Mahmood Rasheed**
Soran Technical College, Erbil Polytechnic University, Kurdistan Region-Iraq
Sirwan.Mahmood@epu.edu.iq

**Mohammed Kareem Saeed**
Department of media, College of Arts, Salahaddin University-Erbil
mehemedkerim@gmail.com

**Abstract**

This research aims to delineate the involvement of Radio Voice of Kurdistan during the Gulan Revolution (1976-1991) in fostering and galvanizing support for the revolution, urging the Kurdish population to safeguard their homeland and national sovereignty. Despite the contemporary proliferation of mass media channels, radio, as a prominent medium, retains its global familiarity and continues to wield influence in delivering media services. Historically, radio has not only served as a source of artistic programs, music, narratives, and radio dramas but has also played a pivotal role in news dissemination, investigative reporting, and coverage of events including wars, armed conflicts, national uprisings, and articulation of the political stances of nations, organizations, and political parties. In this context, this study seeks to investigate and elucidate the specific role Radio Voice of Kurdistan played in supporting the Gulan Revolution, ultimately assessing the magnitude of its contribution to the revolution and the Kurdish people's quest for liberation during this decisive and transformative epoch. Because it has worked oppossite a number of media institutions with unlimited human and material capacity. Knowledge of the radio's efforts in how to manage itself and its competition with the media, which consisted of hundreds of media institutions of the then Iraqi government are part of the content of the study.

**Keywords**: Role, Radio, Voice of Kurdistan, May Revolution